شەعبەدەباز موفلیسترە تا لەگەڵ دەرەبەگدا، وێڕای ئەوەی کە ناچار نییە بەخشندە بێت لەگەڵ ڕیشێکی درێژ و تەسبیحێکی سەدویەک دانەیی.

قسە لە بارەی حاڵوبارێکی هەزاران ساڵەی بەسەر خەڵکدا دێت کۆتایی نایەت، کنەکردنیش لە تەفسیری هەر ڕووداوە بە هۆیەکەی کارێکی بە ئەرکە و گۆشەی جوداوازیی لەسەر ڕاڤەکردنیان دەم دەکاتەوە، من درێژەی پێ نادەم و بە کورتی دەڵێم: مرۆ خۆی هۆی ئەو ڕووداوانەیە، هەرچی بەرژەوەندە تەنها بایی ئەوەی پێوەندایەتیی بە ئیرادە و هۆش و خوازیەوە هەیە تێکەڵ بە تەعلیل دەبێت، بەرژەوەندیش وەک توورەیی لەسەر ڕیزشکان و نەرمونیانی بۆ دۆستایەتی و چاوەدێر کردنی ئەمەک و پەرۆش وبیروباوەڕ و چشتی ئەوتۆییە هیچیشیان ناچنە مەفهوومی بەرژەوەندەوە.

دەشێ دەوری بەرژەوەند لە قەپێلکی ئەم ڕێژەیەدا وێنەکێش بکەین: مرۆ شتێک دەکات کە بە لایەوە لە بەرژەوەندیدا بێت، لەوانەیشە بەرژەوەندەکە ماددی یان ئیعتیباری یان وەهمی بێت ڕێژەکە هەموو ئیحتیمالان دەگرێتەوە هەر لە تەسلیم بوونەوە، پێ بە پێ، هەتا دەگاتە شەڕ. مەودای نێوان ئەم قۆناغانەش پڕاوپڕە لە هەزاران هەزار جۆری هەڵوەست لە هەموانیشدا بەرژەوەند تێ خوێندراوەتەوە لەو ڕووەوە کە بەرژەوەند وەک هەر دنەدەرێک یان بەرهەڵستێک لە حاڵوباری هەمە جۆردا بە هەڵوەستی مرۆوە بەستراوەتەوە.

ئەو خەڵکەی حاڵیشیان یەکچوونە دەشێ ڕەفتاریان یەکچوون یاخود، کەم و زۆر، لێکتر جودا بێت بە پێی جوداوازیی تەبیات یاخود مجێز یاخود باوەڕیان: حەتمی بوون لە موعادەلەی سەر بە مرۆ پەیدا نییە کە دەزانین مەخلووقێک نییە تاکەکانی هێندەی تاکەکانی مرۆ لە تەبیات و هەلاوێر<٢٣> و لە ڕەفتاردا لێکتر جودا بن چونکە تەرکیبی مرۆ لە چاو تەرکیبی جانەوەران هێندەی دوورایی و گۆشە و ناوەڕۆک تێیدایە لە ژمران و چەندوچۆنی نایەت و بەربەریەوە هەیە هەموو ئەو شیمانانە بزێتەوە کە لەنێوان سادەیەتیی بەر لە پەنجاهەزار ساڵی و ژیاری ئێستاکەی گەشتی نێو ئەستێرانی دمەو شەبەقی سەدەی بیستویەکەمدا هەیە.

بەخێری خۆت ئەو قسە خۆشکەڵەی بەنگکێشانەی خاوەن قەڵەمان، بە نیازی چاکە یاخود ناچاکە، دەیڵێنەوە لە بیر خۆتی ببەرەوە گۆیا «مرۆ هەر ئەو مرۆیەیە لەهەر کوێیەک بێت» چونکە هەر لەو شتانەدا یەکچوونن کە زیندەوەری دیکەش تێیدا یەکچوونن. تۆ کە ورد ببیتەوە دەبینیت ئەو زیندەوەرانەی لەگەڵ مرۆ ئاشنا بوون ڕەنگ و قەلافەتیان گۆڕا کەچی گورگ و چەقەڵ و پینگوین وەک خۆیان مانەوە، سەیری هەرە سەیریش لەوەدایە کە بە ڕەهایی قسە لە یەکچوونیی مرۆ بکرێت کەچی ئەرکی دوور و درێژیش لە شەرحی نیزاع و جەنگی نێوانیان دەکێشرێت.

دێمەوە و دەڵێم: باسی ڕابووردووی مرۆ درێژ دەکێشێت و زۆر لکان دەهاوێژێت و ڕەنگە تێیدا نەگەینە ڕۆژگاری سەردەم مەگەر بە ئەرکێکی زل. هەرچەند حاڵی بوون لە ڕابووردوو، وەک هەیە، دەشێ بە چاوی کرایەوە بۆ سەر واقیع و بە زەینی بەڵەد لە گیروگرفتەکانی تەسلیمی ئێستاکەمان بکات. بەڵام دیسانەوە باوەش پێداگرتنی لە زیمنی وتووێژێکی سەر بە شتێکی دیکەوە تا بڵێی دژوارە، چاکتر ئەوەیە قسە تەرخان بکەین بۆ مرۆی ئەم ڕۆژگارە وەیا «باری ماددی» ئەم ڕۆژانە بە پێی ڕاوێژی چارەسەری

ماددییەت کە بەشەر ڕاڤە دەکا بە بەرژەوەند و پێداوێستی حاڵ دوور لە بەشەرەکە خۆی، گوتم «دوور لەبەشەرەکە خۆی» سەبارەت بە مەفهوومی بێ تەئویلی واتای فەلسەفەی ماددی. چونکە کە ڕەفتاری مرۆڤ دایەوە بە بەرژەوەند و حاڵوبار ئەو لایەنەت فەرامۆش کردووە کە بەرژەوەند و چی وەک ئەوە زەنە لە بەشەرەوە دەکات: سەرلەبەری باری کۆمەڵایەتی، چ سیاسی بێت و چ سەقافی و ئابووری و ویژدانی و شەیتانی و هەموو جۆرە کەیف و کشتی و تەنگەتاوی تێکڕای هەر مرۆیە و ناشێ بە غەیری ئەو بدرێتەوە. من لاریم نییە لە قسەی کەسێکی بڵێ مرۆ دیلی حاڵوبارێکە خۆی دروستی کردووە وەک کە ورێنەیەک بکات و بوتێکی بۆ دابرێژێت یان دوژمنی زنجیری بکات وەیا بە هێرێیدا ببات یان ڕایبهێنێ... دێم و دەڵێم حازر نەبۆتە سەردەمی ڕابووردووی لە دەست دەرچوو، دەتوانین بێ چاوغەڵەتان و سەرسوڕکێ و ئارەزۆبازی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و هەستمان لێی بە پێی ڕاستینەی هۆیەکانیەوە بێت و چشتە بەد و چاکەکانی بە ناوی خۆیانیانەوە ناو بنێین.

تۆ سەیری، وا زاناکانی ئاتۆم و فەلەک بۆ قووڵایی ئاسمان برۆن کەچی فەیلەسووفەکانی سەر بە بابەتی بەشەری نەگەییشتنە ئەوەی کە وەرزێر لە هەزاران ساڵدا چی ئەوتۆ بەرەوپێش نەچوو مەگەر چشتێکی لە شارستانەوەی وەرگرتبێت. فکرێکیش نەزا مەگەر کێهەی ڕۆچووە لە ورێنە... ژیاری بۆرژوازی ڕەگی لە لادێ نییە بەو پێیە لە کشتوکاڵ و دەرەبەگەوە سەری هەڵنەداوە، کە مرۆڤیش پێش دەکەوێت هەر خۆی دەورووبەری بەرەو پێش دەبات نەک بە بەرەوپێش چوونی ئەمرازێکی دروستیان دەکات چونکە ئەوانیش لە مرۆڤەکەوە کەوتوونەتەوە: بۆ ئەوە قەڵەم هەبێ دەبێ مرۆیەک هەبووبێ بیەوێ بنووسێ.

چەند سەیرە ڕەفتاری مرۆ بە ئابووری و بیروباوەڕ و قۆناغی مێژوویی و زەرفی کۆمەڵایەتی و ماددی تەفسیر بکرێ لە جیاتی ئەوەی ئەو شتانە بە مرۆ تەفسیر بکرێن. ناشێ زیممەت بە بەرتیل بکڕدرێت ئەگەر مرۆ زەرفێکی پێک نەهێنابێت بەرتیلی تێدا بە برەو بێت دەبێ پێشتریش بەرژەوەندێکی ئەفراندبێ بەرتیلی پێوە بدرێت و پارەشی دروست کردبێت نرخی کڕینی پێوە بێت و یاساشی دانابێت کە بەرتیلخۆر و بەرتیلدەر ناچار بن لێی بکەونە فێڵ، بەستنەوەی ئیرادەی مرۆ بە دروست کراوە بەد و پەسەندەکانیەوە بە نیازی دۆزینەوەی ئەو دەستوورانەی ڕەفتاری ڕاڤە دەکەن دەبێتە دوورکەوتنەوەیەکی قووڵ و فرە لە ڕاستی ئەگەر لە ساختەوە نەبێ، دەشبێتە گۆمڕاکردنێکی تاوانبار ئەگەر بە نیازەوە بێت. بەڕاستی لەسەیر سەیرترە کە فەیلەسووف دوودڵی بکات لەوەدا بڵێ ڕەفتاری مرۆ لە تێکڕای ئەو هەلاوێرانەوە هەڵدەقوڵێت کە لە زیندەوەرانی جودا دەکاتەوە بەڵام دوودڵی نەکات لەوەدا بڵێ ڕەفتاری جانەوەران لە غەریزەیانەوەیە... سەیرە ئەمما سەیر کە تەپڵ لێدانی دەمی مانگگیران بداتەوە بە تەئسیری دیاردەکە خۆی نەک بە هۆشی مرۆ کە دیاردەکە بە هەڵە ڕاڤە دەکات، خۆ هێندەی بەدیهیە ڕوونە کە جانەوەر هۆشێکی نییە بە سەهوو بچێت تا تەپڵ لێ بدات: تۆ بڵێی دیاردەکە تووشی شەپڕەی نیولایی بووە کار لە زیندەوەر ناکات! نیگایەک لەچاوی نیوەکرایەوە و هۆشێکی نیوە ئاگا بەسە بۆ تەفسیری ئەمە: هەرچی لە جیهان هەیە، دیار و نادیاری، تاکە مەخلووقێک بەرە و جوانکاری و بەرهەمهێنی و پەرستن و تەقدیس و لەعنەت و گاڵتە پێکردنەوە نابات ئەگەر بەولای غەریزەوە هۆشێکی هەڵکشاوتری

نەبێت، شتان بە تێکبەستنی هۆشەکی (ربط عقلی) لێک گرێ بدات و موعادەلەی لەسەر هەڵستێنێت و ئاکامگری (استنتاج) لێوە بکات، چ بە ڕاست چ بە هەڵە، تەنها مرۆش لە نێوان هەموو گیانلەبەراندا هۆشی هەیە لە شتان بە سەهوو دەچێت و دەشیان پێکێت، بەرەو هیدایەتیەوە دەبات یاخود گومڕایی، چ ڕێگەش نییە بۆ قسەیەکی دیکە لەم بارەوە بگوترێت چونکە دژی بەدیهە و ڕووالەتی حاڵ دەردەچێت. کێشەکە ڕویەکی دیکەی ماوە گرینگتر لە دانهێنان بە «حقیقە» کە خۆی حەقیقەتە:

گوتمان ڕاهێنانی فکر بە باوەڕێک دەیکاتە ئالقە بەگۆش و سێبەری دووایەوە. ئەمیش شتێکی بەرهەست (محسوس)ـە. و دەمەتەقە هەڵناگرێت کە هەر خۆی تەفسیری هەرای نێوان دوو برایان و خیانەتی ئەمانەت و خۆکوژی و هەموو شتێکی ژیرانە و گێلانەی جیهانی کۆمەڵایەتی دەکات کە غەریزە تێکەڵ بە هۆش دەبێت و هەزاران هەزار وێنەی گونجاو و نەگونجاو لە ڕەفتاری تاک و کۆمەڵ دەزێتەوە. منداڵ کە لە ساواییەوە ڕایدەهێن بە پەرستنی بەرد و حورمەتی تەپاڵە دەچێتە سەر ڕاڕەوێک پشتەو گازە لە هەرچی کێشانە و پێوانەی هۆش و مەنتیقە.

هەر بەو پێیەش کە گۆش دەدرێت بە یەکەمینایەتیی دەوری مادده و بەرژەوەند لە داڕشتنی ڕەفتاری مرۆ خۆی بە کەم دەگرێ و مادده لە جێگەی خۆیدا دەکاتە بگێڕی جیهانی دەورییەوە. ئنجا چونکە مرۆ لەم ڕۆژگارەدا دەور دراوە بە دروست کراو و شتومەکی مرۆڤکرد کە پێویستیەتی لە مردن و ژیندا و بە درێژایی ساڵ خەریکی پەیدا کردنیانە ئیتر بەخشینی یەکەمینایەتی بەو شتانە لە تەختەی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە حورمەتی شتێک کە پڕاوپڕی دەوروبەریەتی و خۆشی و چارەنووسی پێیەوە بەندە، لەوەوە ڕێزنان لەو شتە و پلەی تەئسیری لە قەناعەتیدا کەڵەکە دەکات و بە ئاسانی خۆی تەسلیمی ئاکامی ئەو قەناعەتە دەکات و دەستی شل دەبێ لە نرخی ئیرادە و مەیلی خۆی و زۆر بە ئاسانی حەپەسانی لە ئاست شکۆی فرۆک و T.V دەبێتە مانیع لەوەی بحەپەسێ بۆ هێزی ئیبداعی دروستکەری هەردوویان. مرۆ بەر لە پەنجاهەزار ساڵ بایی نیسبەتی ٩٩٪ بە بوونەوەری سروشتی ئابڵووقە درابوو کە هیچ دەخلی بەسەر هەبوونیانەوە نەبوو، لەوەشدا خۆشجلەو بوونی بۆ هێزی سروشت و دانانی بە سەرچاوەی دەسەڵات لەو دیاردە سەرسووڕێنانەی دەیدیتن، ئاکامێکی بەرچاو بوو، ئیتر سەیر نییە هانا بباتە بەر تۆتەم و تەڵیسم و قوربانی لە دەردەست کردنی ڕەزامەندیی و ڕەواندنەوەی غەزەبی.

بە دەم ڕۆژگارەوە دروشمی حاڵ گۆڕا تا وابوو دەستکردەکانی مرۆ ٩٩٪ی دەوروبەری خەڵقی سەردەمی پڕکردەوە، وێڕای ئەمە فێرگەی فکر و باوەڕ کە ئەرکی تەفسیری بوونەوەر دەکێشن و پێوەندایەتیی مرۆڤی پێوە ڕاڤەدەکەن لە زیادکردندا بوون و ئەو فەلسەفانەی مادده دەکەنە ڕاڤەکەر بوون بە زێدە هێزی دەسەڵاتی مادده و دەوروبەر بەسەر ئیرادەی مرۆڤدا و زێدە بێفەڕی پایەی مرۆ خۆی لە موعادەلەی گوزەران و گۆڕانکاریدا. دوور نییە لە حەقیقەت بڵێین پایەی بەرژەوەندی ماددی لە عەقڵی کەسێکی بەرنامە زانستییەکان دەخوێنێ، سەرەڕای زل کردنی دەوری مادده، ئا ئەو پایەیە دەوری تۆتەمی ئەفسانەیی دەبینێت لەو واقیعە تەماوییەی کە لە تێکەڵ بوونی دوو شتی دژ بە یەکتردا پەیدا بووە، واتە لە تێکەڵ بوونی «علمانیة» لەگەڵ «مادیة» چونکە باوەڕ بە زانست «علمانیة» تیشکێکی خولاسەی مرۆڤایەتییە باوەڕ بە مادده «مادیة» ش مادده بە خوازانینێکی ڕووتە، ئاکامی تێکەڵ بوونیشیان ئەوەبوو

تاکە کەس دوو مەفهوومی ناجۆری لە تاکە شتێکەوە بۆ پەیدا بێت ئیتر وابوو کەسێکی ماددی – هۆشپەسەند لە لایەکەوە دەڵێ مرۆ خالقی چارەنووسی خۆیەتی کەچی لە لایەکی دیکەوە دەڵێ گۆڕانی هۆی بەرهەم دەکێشێتەوە بۆ گۆڕانی پێوەندایەتیی سەر بە بەرهەم و لەوەدا وەها و وەها دەبێت لە مەیدانی گۆڕان و پێشکەوتندا، بەو پێیە لەسەرەتاوە مرۆ دەباتە خانەی تەقدیس، دووایی تەسلیم بەهۆی بەرهەم دەبێ لەوەشدا گوێ ناداتە هێندێ کە هۆی بەرهەم سنعەتێکی مرۆیە بە دەم ڕۆژگارێکی درێژ لە پێشکەوتنی بەشەرەوە پەیدا بووە.

ئنجا هەر چونکە هۆی بەرهەم تێک بەستن و کۆکردنەوە و ڕێکخستنێکی مرۆیە و لە مێشکییەوە زاوەتەوە هەرگیزاو هەرگیز هەزاریەکی پەلکەزێرینەی ڕێز لەو هۆیەی بەرهەم نەناوە. مادده و بەرژەوەند و دەستوورەکانیان کە بە بزوێنەری مێژوو دەژمێردرێن، کاتێک بوون بە جێگیری مرۆڤ لە هەڵنانی کۆمەڵ و دارشتنی چارەنووسی، دەبینین ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ئەوانەی چاویان بڕیوەتە حوکم و دەسەڵات (کاتێک بوون بە حاکم) ناز و فیز بەسەر خەڵقدا بکەن بە ناوی مادده و بەرژەوەند و تەناقوزەوە و زمانی حاڵیشیان دەڵێ: ئێمە لە بەرەکەتی نەزەریە و بە هونەری تێگەیشتن و دروست لەکارهێنانی، خۆراک و پۆشاک و چی مومکینە لە گوێزەمەنی (مواصلات) و کەیف و سەرجەمی پێداویستییەکانی گوزەرانمان دەردەست کردن، دەسا پتر و پتر تێکۆشن و سپاسی ڕیژێمێک بکەن «اطعمکم من جوع...» ... تا کۆتایی ئەو چەشنە قسەی پرووپووچ و تاوانباریش... خۆ خۆراک و نۆشەمەنی بە سەدەقە لە ئەنباری باب و باپیریان دەرنەچووە هەتا شوکرانەی لەسەر بژمێردرێت، هەرچی هەیە دەسکردی ئەو خەڵقەیە کە مێشکیان بە قسەی وەها گومڕاکەر پڕ دەکرێتەوە و کاریگەرایەتیی مسکێنان دەدزێتەوە بۆ مادده و بەرژەوەندی کەڕ و لاڵ تا دەماغیان پێ بشۆنەوە و باوەڕهێنانیان بەخۆ بچڕێن و پایەی نیمچە خوایان بەسەر عەرشی ناز و کەشوفش بچەسپێن بەوەشدا «پاداش بە پێی بەرهەم» سەرەوبن دەبێت چونکە خاوەن نەزەریەکان و مەعلانەکانی لە بووزدان‹٢٤› کۆمەڵەی حەسایەوەن، گوتە دەبەخشن و ڕێنموونی بەرهەم هێنانێک دەکەن ملکایەتییەکەی هی دەوڵەتە چ زەرەرێکیش ناکەن لە هەڵە و ورێنەیەکی تێکەڵ بە ڕێنموونیەکانیان ببێت کەوا بێگومان لە مل کەسانێک دەپێچرێن ڕەنجدیدەی بەرهەمن.

ئنجا کە شادی بە ڕەهایی لە گلەیی و بە حەسانەوەی پاداشی پتر و دەسەڵاتی تەسەڵتر دابینیان دەکات ڕەنجدەریش دەتلێتەوە لە ماندووەتی و بەرپرسایەتی و بێئیرادەیی و پاداشی کەم، مافی مانگرتن و ڕازی نەبوونیشی نییە بە پێچەوانەی حاڵوبار لە جیهانی سەرمایەداری کە لە بیردۆزیی تەناقوزدا بە چەوساندنەوە و چپاندنی کرێکار هەڵدراوەتەوە، ئیتر هەر وەک پێشخستنی دەوری هۆی بەرهەم لە دەوری مرۆ کێشایەوە بۆ دابەزینی پایەی و لە دەستدانی مافی ئیختیار. هەروەها خاوەنایەتی «سەرزارەکی» کۆمەڵ لە هۆی بەرهەم بووە بەهانەی سڕینەوەی مافی مانگرتن لە لەیستەی مافەکاندا.

قسەیەکی زۆر سەیریش کە بە بەرینایی دنیا دەگوترێتەوە ئەوەیە گۆیا فلانە حیزبی فەرمانڕەوا لە فلانە وڵاتدا بۆ هێندە سەد ملیۆنە مرۆیە بژێو پەیدا دەکا وەک بڵێی ئەو ملیۆنانە هەموویان «تەنبەڵەکانی سوڵتان» ن تێر بەزگ لە سفرەی دیوەخانەی حیزب دەخۆن. دەوڵەتێکی وەکوو چین ملیارێک و سەد ملیۆن کەسی تێدایە، لە خاک و ئاو و مەعدەن و سەرچاوەی دیکەی سەرووەت نیسبەتێکی پتر لە نیسبەتی

سەروەتی تایوان (فەرمۆزە)ی هەیە کەچی تایوان لە رێکاری ئابووریدا چ بۆ تاک و چ بۆ کۆمەڵ پێش چین کەوتۆتەوە. خۆ ئەگەر چین دابەش بکرێ بە ١٠٠ دەوڵەت گیروگرفتی زیاد دەکات چونکە ئیروویی ئابووریی‹٢٥› چینی پان و پۆڕ بەو کەرت و پەرت کردنە و هەڵبڕینەوەی پێوەندایەتیی نێوان کەلەشەکان دەپوکێتەوە.

بەڵێ کۆمەڵگەی زل هەوڵی پتری دەوێ بۆ رێکخستنی کاروباری، بەڵام دیسانەوە ڕاستە بلێین دانیشتووانی دەخەریکێن و بژێو بە ئارەقەی تەوێڵ پەیدا دەکەن، پانایی کۆمەڵگەشیان دەرفەتی بەرینتر بۆ پێشکەوتن دەڕەخسێنێ ئەگەر سەرچاوەی داهاتەکانی بە مەعلانی لە کاربێن، مەعلانیەکی رێک بێ لەگەڵ تەبیاتی مرۆ نەک لەگەڵ بیردۆزیی پیرۆز. تۆ ئەگەر لە تاکدا تاکایەتیت کوشت لە رێی ملکەچ کردنی بۆ فەرمانی هۆی بەرهەم و ئیبداعیت کوشت بە تواندنەوەی لە دەریایەک مرۆی بێئیرادە دەگەیتە ئەو موعادەلە سەختەی کە بریتییە لە برینی باڵی تەیر و پەڕاندنی قاچی هاموشۆکەر. بە دەوریشتەوە هەلهەلەی موژدەدەران بە نەهێشتنی چەوساندنەوە تێهەڵدەکات.

هەرچۆنێک بێت، نە بەرژەوەند و نە ئینساف و نە داد و نە ڕاستی هەیە لە پاشخستنی دەوری مرۆ بە دوا دەوری غەیری خۆی لە گۆڕانکاریدا، هەر دروستاندنێکیش‹٢٦› زەینی بلێمەتان پێی بپشکوێتەوە بۆ پەکخستنی ئیرادەی مرۆ بە نیازی سەردانەواندنی بۆ هۆی بەرهەم بریتییە لە چەسپاندنی زیللەتی زۆرینە و باغڵبوونی کەمینە. ئەگەر پەنجەت لە گوتەی «بە گۆڕانی هۆی بەرهەم پێوەندییەکانی بەرهەم دەگۆڕێن» گیر بوو و خستە ئەم قالبەوە «بە گۆڕانی مرۆ ئامراز و حاڵوبار و رێژیمی دەگۆڕێ» هەڕەمە سەرەوبنەکەت خستەوە سەر بنگەی خۆی و ولاغت بردەوە بەرایی عەرەبانە و مافت دایەوە بە خاوەنی و پەندیارەکانی سوڵتانت خامۆش کرد کە سوور بوون لەسەر نۆکەرایەتیی مرۆ بۆ ئالەت.

باوەڕهێنان بە ماددی بوونی مەسنوعات تا ئەوەی ببێتە کاریگەر لە داڕشتنی مرۆ بێ تێخوێندنەوەی پێوەندیی نێوان دروستکەر و دروستکراو و بێ گوێدان بە ئیرادەی مرۆ و حەز و مەیلی لە ڕەفز و قبوڵی شتان وەک ئەوەیە، بە پێی ڕواڵەتی حاڵ، بگوترێ ڕۆژ بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، یەک لە ئەنجامەکانی ئەم گوتەیەش ئەوەیە زەوی مەرکەزی جیهان بێت و هەندێ ئەستێرەی کە بیست ملیار ساڵی تیشک لێی دوورن بە خێرایی ملیارەها جار پتر لە خێراییی تیشک دەخولێنەوە و چەندین ئەنجامی دیکەش لە فیزیا و فەلەک و ڕاستییەکانی بوونەوەر هەمووی دەپووچێنەوە.

گوتەی ماددی بوونی دروستکراوەکان و نۆکەرایەتیی مرۆ بۆیان، هێندەی کە گوتەی سووڕانەوەی ئاسمان ڕاستییەکانی جیهان سەرووبن دەکات، ئەویش هێندە کاریگەر دەبێت لە هەڵوەشاندن و دزێوکردنی کەسایەتیی مرۆ، گرینگترین تەئسیریشی لە مرۆدا ئەوەیە ئیرادەی خۆی دەدۆڕێنێت و ملکەچتر دەبێ بۆ فەرموودەی بیردۆزان لە بابەت تێکەولێکەی سەر بە مەنتووجاتەوە. ساحیر و شەعبەدەباز و غەیبخوێنەکان توانیان مێگەلی مرۆ بە دوا خۆیاندا ڕاکێشن بە نامەی دەسەڵات ڕاکشان بەسەر چارەنووسدا، ئەمەشیان بۆ لووا لە رێی دزینەوەی هۆشی خەڵک بێ ئەوەی ئەنباری خەفە کردن بەکاربهێنن کەچی ئیمڕۆکە فەیلەسووفێکی دەسەڵاتدار ئیرادەی خەڵک دەدزێتەوە بەوەدا کە پێشکەوتن و گوشادی و گۆڕانکاری دەداتەوە بە ئالەت و فرۆشەمەنی دەسەڵاتی خۆیشی بەسەر مەسنوعات و

شتومەکدا دەبەستێتەوە بە شەرعییەتی خۆسەپاندنی و بە واجیبی سەر کەچ کردن لە خەڵکەوە بۆی ئیتر لە ڕێنموونی و کارگوزاریدا بە پێی پێویست جارێکیان هونەری وشە و جارێکیشیان هونەری قەمچی بەکاردەهێنێت.

چەندێکیش بیر دەکەمەوە لە چارەکردنی بەڵای قەمچی و زیللەتی سەر دانواندن هەر ئەوەم بە بیردا دێت کە هۆی بەرهەم لە عەرشە هەڵبەستراوەکەی دابەزێت و مرۆش دانیشێ لە جێگەی ئەو و جێگەی هەرچی جێی مرۆی گرتۆتەوە لە تەفسیری مێژوو، بە چین و تەناقوز و حاڵوبار و داخوازیاکانیەوە، کە لە ڕێی فەلسەفەوە پێوەندایەتییان بە ئیرادە و وەعی مرۆوە هەڵبڕاوەتەوە.

پەنا بردنە بەر نمایشت و مانگرتن کاریگەر نابێ ئەگەر لە چارچێوەی ڕێژیمێک نەبێ ڕێز لە ئیرادەی مرۆ دەنێت دەنا نمایشت بۆ بەرەی نمایشتکەران ناڕەوا و سەرکوت کردنیشی ڕەوا دەردەچێت بۆ فەیلەسووفێکی خۆی بە وەکیلی میللەت داناوە لە هەڵسووڕاندنی کاروبار لە ڕێی دەست داگرتنی بەسەر ئەو بژێو و هۆی بەرهەمەی لە دەقی نەزەریدا جڵەوەی مێژوویان گرتووە.

داڕنینی کاریگەرایەتی لە دروستکەری کەلوپەل و بەخشینی بە کەلوپەلەکە وەک ئەوەیە دەوری دکتۆر لە برینکاریدا پەک بیەخیت و هونەرەکەی شیفا بەخشی نەخۆش بدەیتەوە بە ژووری برینکاری و تیشکی کارەبا و چەقۆ و مۆرفین، ئەوپەڕی فەرقیش لە نێوان هەردوو حاڵەتدا هەر ئەوەیە کە فەیلەسووفی خۆسەپێن ناتوانێ یاری بە ئامرازەکانی دکتۆر بکات، لە بەر نەزانین، بەڵام قوماش و هێلکە بە ئارەزۆی خۆی دەبەشێتەوە، بە فێڵی تەنگکردنەوەی ئازادی و بڕیار لەسەر مزەی مانگانە و دیاری کردنی خانووش دەست بەسەر ئیرادەی دکتۆر دادەگرێت هەر بەو جۆرەش بەسەر خاوەن مەهارەت و ئەدەب و هونەر و بیریاری و دۆزینەوەدا زاڵ دەبێت.

سەیر نییە لە ڕێی دانانی ئالەت بە فەرمانڕەوا لەسەر مرۆ مزەی کرێکاری هەڕەمەکی زیاتر بکات لە هی دکتۆر هەر چونکە کرێکار نزیکترە لە ئالەت. دکتۆر و ئەندازیار و تێکڕای بیریارەکانیش ئەرکی سەر بە ماسوولکە هەڵناگرن و بە لە کارهێنانی فکر و زیرەکی و ئەفراندن و ئیبداعەوە خەریک دەبن. بەڕاست بەرزکردنەوەی پایەی ئالەت بەسەر پایەی مرۆدا، لە ڕێی بەخشینی گۆڕانکاری بە ئالەت، زیادەی مزەی ئەرکی بێ مەهارەتی ماسوولکەی مسۆگەر کردووە چونکە ئالەتیش بەزۆری ئەرکێکی ماسوولکەیی بێفکرە بە ئەستۆوە دەگرێ.

ئنجا ئەگەر ئەرکی گێل لە ئالەتدا ڕێزدار بێت بۆچی لە مرۆدا ڕێزدار نەبێت، کە دروستکەری ئالەتەکەش پایەی بە دوا پایەی ئالەتدا بێت بۆچی نەخرێتە دوای پایەی خاوەن ئەرکی ماسوولکەییەوە! بە بەختم سوێند، هەڵاواردنی کرێکاری ڕەشۆکی بەسەر خاوەن ئیبداعانەوە هۆشمەندانەترین و مەنتیقیترین کارە لە بەستنەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوو بەهۆی بەرهەمەوە نەک مرۆ.

من لەم دەمەمدا بەبەر تواناوەم نییە خۆ تەرخان بکەم بۆ پێشکەش کردنی جێگرێکی تەفسیری ماددی تەناقوزی بەرژەوەندی لە قەوارەی بیردۆزەیەکی سەرلەبەر دەست بدات یان بشێ بخرێتە گەڕ بەو سەبەبانەی بنەماکەیان هەڵناوە و بە دنەدەری بەرەوپێشچوونیەوە و بە هێمایەکی ڕووەو دوارۆژێک کە لە لێکدانەوەدا خۆ بە حەتمی یان لەگوین‹٢٧› یان موحتەمەل بنوێنێ، چی لێرەدا دەڵێم بانگەوازێکە بۆ

وازهێنان لە موژدەی دڕی و تێکدان و بنەکێش کردن بۆ سەر ڕێبازێکی بەرەو دواڕۆژێکی گەش، تا ئەگەر بە یەکێکم گوت: برات مەکوژە، نابێ تەنگەتاوم بکا بە داواکردنی کارێک لە بری براکوشتنەکەی دڵی خۆی پێ ڕاگیر بکات، ئەوەندەی بەسە باوەڕی براکوژی بەلاوە بنێت و خەریکی تەماشای هاموشۆکەران بێت... ئەستێران بژمێرێت... کراسە دڕاوەکەی بدوورێتەوە.

ئەم جیهانەی بە دەورمانەوە زۆر نموونەی ولاتی ئەوتۆی تێدایە بەسەر پۆپەی ژیارییەوە، بەهێزترین وەسیلەی تێهەڵکێشان و تەسەلی و ئەمینی قوتار بون بوو لە بیردۆزە پیرۆزەکان و وازهێنان لە نەرەنەری وێرانکاری و کوشتن و سوتاندن تا کەوتە سەر ڕەفتاری ئەوتۆوە کە نیهادی پاک و نییەتی چاک و ڕەها لە چنگاڵی غەریزەی کوێر، پەسەندی دەکات. یەکێک لە گوتە عەجایبەکانی ئەو ڕۆشنبیرانەی بەگەڵ مەنتیقی مونافەسەی سەخت و خۆبەستنەوە بەهێزی ماسوولکە کەوتوون و ڕووبەڕووی دەکەنەوە ئەوەیە کە دەڵێن ولاتە پێشکەوتووەکانیش بە قۆناغی توند و تیژی و کوشتوبڕیندا تێپەڕیوەتن و بە بازێک نەچوونەتە ناو بەهەشتی ئەمانەوە بێ سوورایی خوێن و تۆزی ملانێ، بەوەشدا وڕێنەکانی جیهانی دەیەمینمان لە بەرچاوی ئەو ڕۆشنبیرانەدا مەفهووم و دروست دەدیترێن و دەچنە خانەی بەداهەتی بێ دەمەتەقە.

چ موبالەغەی نییە کە دەڵێم: تەبریری ئەوتۆیی بۆ بەردەوام بوونی جیهانەکەمان لە شەڕەقۆچێ و یەکتر سەربڕین عەیارەیەکی نموونەییە لە گێلی و کەودەنی و هۆش سەکەتی چونکە مەنتیقی شێتیش ناسەلێنێ بتوانین دەست لە گیا و گوڵ هەڵبگرین بۆ چارەی نەخۆشی و هانا ببەینە بەر ئەو جیهازە سیحرییانەی «پزیشکی» کە هەمووی تازە بابەتی ژیارین ئنجا ڕۆژگارەها بەسەر ببەین لە پێکوتەی نیزاعەکانی سەدە ناوەندییەکان هەر هەتا ئیسپات بکەین کە گۆڕانکاری بە بازێک مومکین نییە. ئێمە لە ماوەی مانگێکدا شوێن پێیان هەڵدەگرینەوە لە بەکارهێنانی سەنعەتە مرۆ حەپەسێنەکانیان ئیتر چۆناوچۆنی دەتوانین گێل گێل وەک مێرووله برۆین بەرەو ڕەفتاری ژیارییانەوە؟ براله! نگبەتی جێوانەوەی ئەو جۆرە شێتییەی وەها پووچەڵ گەلێک بێرەزاترە لەوەی بەخۆفریواندن لێی ڕەها بم و بڵێم: بڕیاری ناچارییە و زەرورەتە! ئاخر چۆن متمانەم بێت بەوەدا کە زەروورەت دەمانبا بۆ قبوڵ کردنی ڕادیۆ و ڕەفزی بەزەیی و داد و ئەمان لە تەجرەبەی ئەو میللەتە ژیارپەسەندانە؟ زەروورەت لە «ئاسانی» ڕادیۆ و «ئەستەمی» بەزەیی هەڵنەقوولاوە: دڕندەیی ئەو گورگەیە خۆی لە ناخماندا حەشار داوە و فەلسەفە تیژی دەکاتەوە کە هەر فەلسەفەکە خۆی ڕەفزی بەزەیی و نەرمونیانی دەکات.

ئەوەی خەفەتیشم لەم بەلایە تۆقێنەرەدا زیاد دەکات کە پێشەنگەکانی ڕۆشنبیری و خەباتگێڕەکان، نەک ئاپۆرەی نەزانان، وڕێنەی عوزری پووچەڵ دەجوینەوە چونکە ئاپۆرەی خەڵک لە بنەڕەتەوە ئاگادار نییە چۆن و کەنگی هەڵستاوەکان قیت بوونەتەوە دانیشتووەکانیش گامەلاس بوون. هەتا بە بەهانان خۆ بگنخێنێ و عوزری بێسەروپێ هەڵبەستێ، ئنجا خەفەت چەند جاران زیاد دەکات کە لێم سووره ڕاهاتن لە فرۆک بە چاولێکەری کارێکی قورسە چەندەها پرۆژە و مەشق و فەند و زانستیی گەرەکە کەچی خۆگیری کردنی برا و برادەر و هاونیشتمانییان لە یەکتر سەربڕین هەر هیچی تێناچێت، ئەوەندەی بەسە دەست لە کوشتن ڕاگرن یان خەریکی چەنە چەن بن یان وەک «اهل الکهف» بچنە خەوەوە، ئەوساش ئاواتەکانی نیشتمانپەروەری و ئامانجەکانی سەر بە چارەنووس سەلامەتتر دەبن تا دەمی بەئاگابوونیان

بۆ زۆرە ملێ. ئەگەر شەڕی کوشندەی برایان و هاوبەشانی چارەنووس هەر بە فەلسەفەی ورووژێنی بەڵگەبەندکراوی لە مەنتیق دراوی ڕێکخراو بەرپا ببێت ئەوسا بانگهێشتنی تێکهەڵقژاوان بۆ ڕەحم کردن بە خۆیان و برایانیان و نیشتمانەکانیان تەنها یەک وەسیلەی گەرەکە بتوانێ ئەو فەلسەفانە لە مێشکیان بسڕێتەوە، ئنجا وەسیلەکە شاڵڵا عەقلانی یان ئەفسوونانی یان شەعبەدەبازانی یان وڕێنانی دەبوو کەیفی خۆیەتی.

جا ئەگەر یەک لە بەهانەگران بەرهەڵست بوو بە نامەی خەسارەتێکی لە سڕینەوەی نەزەرییان پەیدا دەبێ دەڵێم: لە تۆڵەی نەزەرییەکان ئەوەندەمان بەسە گەل و نیشتمان بەسەر خەریتەی جیهانەوە لە ئەماندا بن، فاتیحەش بۆ ڕۆحی فەلسەفەی مردوو بە ڕێ بکەین پتری سێبووری تێدایە لەوەی بۆ ڕۆحی زیندووی مردوو بەڕێ بکرێ.

هەروا بە دەم ڕچەی ئەو بابەتە قسانەوە دەڕۆین: ئەگەر بەدیلێک پێویست بێ بۆ ئەو بیردۆزییانەی دنەی ملانێ دەدەن بە نامەی ئەوەی خەڵک لە بەتاڵایی فکریدا ناژیت بە تایبەتی ئەوانەی فرچکیان بە هەڵسوکەوتی ئایدۆلۆژییەوە گرتووە، بەش بەحاڵی گەلی وەک ئێمەمانان پلەی خۆڕزگار کردن (لە داگیرکەر) لە خۆوە بەرباری بیردۆزییەک دەبێ لە هەموان بەهێزتر و ئاشکراتر و پاکتر ئەویش بیردۆزی ئازادبوون و باوەڕی ئازاد بوونە.

بۆ ئەوەی خەڵک لە دەسەڵاتی بێگانە ڕزگار بێ تاکە دینێک و تاکە فکرێک و تاکە بڕیارێکی بەسە ئەویش «ئیرادەی ڕزگاری» یە بێ پرینگاندنەوە و زڕەنەخشاندن. ئیرادەی ڕزگاریش بێگومان «وەسیلەی ڕزگاری» دەخوازێت کە لەڕووی زەرورەتەوە هەموو جودایی بیروڕا، و هەموو فرەسەرۆکایەتی و هەموو بەهانان بەلاوە دەنێ مادەم ڕێگە دەرناکات بۆ ئەو ئامانجەی ئیرادەی ژیان دەیسەپێنێت کە هەر خۆی دایکی ئیرادەی ڕزگارییە.

هەرچی وەسیلەی ڕزگارییە، بەهێزترین و برندەترین و مسۆگەرترین ڕێژەیەک بۆی «یەکیەتیی بیروڕا» یە لە پلەی یەکەم و دووەم و دەیەمدا ئنجا دەوری مۆژدەدان بە قەڵەم و بە زمان و بە فیشەک دێت چونکە نە قەڵەم نە زمان نە فیشەک شەرەفی «پاراستنی ژیان» و «ئیرادەی ڕزگار» ی وەرناگرێت ئەگەر لە دەرووی جوداوازیی بیروڕاوە دەرچێت. ئەوەی لێرەدا دەیڵێم چەند سادە و ئاشکرایە بۆ بەدیهەی مرۆ، ئەو فەلسەفە و فکرانەی لە قۆناغی ئازادکردندا خەڵک بڕبڕ و کەرت کەرت دەکەن چەپەڵیەکەی ئەوانیش هێندە سادە و ئاشکرا و بەدیهییە.

دووای ئازادکردنیش هەر بە چەپەڵی دەمێنێتەوە ئەگەر لەسەر ڕێبازی توندوتیژی مایەوە بۆ چارەکردنی موشکیلە. بەڵگەیەکی ڕاست بوونی تەئسیری ئۆگرگرتن بە جێوانەوەی فکر و بیروڕا ئەوەیە کە بارەها ڕەخنەم لێ گرتووە لەوەدا کە زوو بە زوو جوداوازیی گۆشەی نیگا سەر بە کوشتن و بڕینەوە دەنێ چونکە هەر لایەنە نوختەی خیلاف دەجوێتەوە بەو جۆرەی حەق بە لای خۆیدا دەهێنێتەوە و لایەنی دیکەش تاوانبار دەکات. ئەم جیهانە دواکەوتووەی خۆمان حاڵەتی وەها سەیر و سەمەرەی هەیە کە لەوانەیە دوو گرووپی سیاسی لەسەر ناولێنان ڕێک نەکەوون، یەکیان «ئیشتیراکی دیمۆکرات» و ئەوی دیکەیان «دیمۆکراتی ئیشتیراکی» بێت، لە حاڵێکدا هەردوو گرووپ لەبەر یەک دوژمن هەڵدێن، ئنجا ئەگەر

ڕێکەوت لە دەمی فیرار کردندا کۆی کردنەوە، پیتۆڵی سیاسی!! ڕووی سیلاحیان پێدەگۆڕێت لە دوژمنەوە بەرەو یەکتر بۆ چارەکردنی خیلافە بنەڕەتیەکەی ناولێنان چونکە شۆڕشگێڕ هەرگیز هەلی مێژوویی!! بۆ چارەکردنی تەناقوز!! لە دەست نادات.

ڕەنگە کەسی وەها هەبێت بڵێت، چ سوود هەیە لە بوغزاندنی خیلاف و براکوژی و چ دادمان دەدا خەریکی پووچاندنەوەی ئەو بیردۆزییانە بین کە چارەی گیروگرفت لە «نقض النقض» دا دەبینێ لە حاڵێکدا جیهانی کۆن و نوێ پڕ بووە لە خیلاف و کێشە و ملانێ لەسەر بەرژەوەند بێ یان وەهم بێ و چۆن دەشێ چاوەڕوان بین لەوانەی خەریکی مەرگ و ژین باوەڕ بە سوودی چارەکردنێک بێنن کە بریتی بێت لە پەندی ئامۆژگارییەکانی یەکێکی وەکوو من کە پێیان دەڵێ: واز لە کوشتاری ناوخۆیی بهێنن هەمووتان هەڵەشەن! چ عاقڵێک چاوەڕوانە لەوانەی یەکتر دەبڕنەوە هەموو ئەو بەهانە و هۆیانە فەرامۆش بکەن کە گەیاندنیە گەورەترین تەهلوکە و گوێ بدەنە ڕێبوارێکی لە پەرستگەدا بە دەم وەنەوزی حەسانەوەوە نوشتووان دەنووسێ لە پەند و ڕێنموونی پاک و پیرۆز کە لەسەرەتای تێکهەڵقژان و یەکتر برینەوە و لێکتر ترازانەوە ڕەفزیان کردبوو؟ جیهانی فەلسەفە و بەرژەوەندی تێکهەڵقژاو حوجە نییە بە گوتەی شاعیرانەی ڕازایەوە بە نییەتی چاک و هەستی مەردانە کە پێشتر هەرچی دەماری باوکەتی و دایکەتی و ڕۆڵەیەتی هەبوو تێیدا پووابۆوە و شیرازەی برایەتی و خزمایەتی و دۆستایەتی پسابوو وێڕای ئیفلاسی شیرینایی کۆبوونەوە بە دەوری خوانی تەبایی پڕ لە خۆشترین خۆراک و نۆشەمەنی.

ئەو جۆرە قسەیەی لە خۆمی دەکەمەوە بەرهەڵست دیار دەدا کە من بێئاگا نیم لە ماجەرای دنیا و لە ئەستەمیی داخوازیەکی بەدەم شریتەی وتوێژەوە دەری دەبرم. نەک ئەم و بەس: ئیمکان نییە بخزێمە قەڵاتی زۆرانبازی و مەیدانی شەڕ و هەرا بە خۆم و بلوێری شوانەکەی کە جبران خلیل جبران لێیەوە ختووکەی دەهێنایە هەستە دەماری خەواڵووان بە سترانە خەون بینەکەی جیهانی خەیاڵکردی:

اعطنی النای و غن فالغنا سر الحیاة

بلوێرەکەم بدەرێ و بچرە، ستران نهێنی ژیانە

نە ستران نهێنی ژیانە و نە بلوێریش نەیژەن بە دەنکە توویەک دەگەیەنێ و نە کێچێکیش دەگێڕێتەوە لە پێستی بابایەکی لەسەر خاک نووستووە، ئاخۆ ئۆفی خۆیشی ناگەیەنێتە دەروازەی پاسەوانی قەڵاتی تەناقوز و زۆرانێ...

ڕاستییەکەی من هەرچی دەنووسم بە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیی توندوتیژایەتی و بنەڕەتایەتی و فەلسەفەی ملانێی ڕیشەکێش لە هونەری بیتاقەی بانگ هێشتنێکەوەیە ڕێم پێ دەدات بە خۆم و بیروڕامەوە بچمە سەر سفرەی ئەو ماسوولکە بادراوانەی پڕ چەک و دەمارکشت بە پەرگیری چونکە من بڕندەیی و توندی و ڕەحمپسێنی و ئاشتینەویستی دەنرخێنم بەو مەنتیقەی کە ئەو هەلاکەتانە لە سەری هەڵچەقیوون لە ڕێی دۆزینەوەی هەڵەشەیی و خەلەل و زەرەریانەوە، هەنگاویش بە قەڵەمم هەڵدێنم لەبەر ڕۆشنایی ئەو نەتیجانەی ڕوویان داوە و چی دەشێ ڕوو بدەن تا ئەوپەڕی مەوداکانی توندوتیژی بە تەنیشت ئەو نەتیجانەی لە جیهانی پێشکەوتووی ژین و ژیاردا ڕوویان داوە کە هیچ تیژڕۆییەکی تێدا نەبووە، تاکە

سەلمێنەیەکیشی‹٢٨› بەرز نەکردۆتەوە ڕێ دەرکات بۆ تاکە شەقامێکی چ لکی لێ نابنەوە: من لە هەرچی نووسیوەتم هانام نەبردۆتە بەر بیردۆزەییەکی حازر بەدەست بە خۆی و پێشەکیەکانی و بەڵگەکانیەوە ڕوو بە ڕوو ببێتەوە لەگەڵ چارەسەری بنەڕەتی و بۆچوونەکانی ماددی و خۆبەستنەوەی بە تەناقوزەوە چونکە ئەمەم کردبایە لەوەم تێپەڕ نەدەکرد کە عەقیدەیەک بکوتمەوە پێشتر مەدرەسەی ماددی ڕەتی کردۆتەوە هەر وەک نامادی ڕەفزی ماددی کردووە، مەعلوومیشە من لە جێوانەوەی بیروڕای غەیر ناگەمە خاوەنەکەی لە داڕشتن و قەشەنگی تەعبیر و پەی پێ بردنەوە.

مەدرەسەی ماددیش لە قسەمدا ناوی دێت چونکە بنەما و بەڵگە و شێوازەکانی لە دنیای کوڵان و هەڵچوون و چارەی بنەڕەتی و ڕیشەکێش کردندا برەویان ستاندووە منیش ڕێم بە خۆم دا تەعبیری «مادیە» لە نووسینمدا ڕووپێوێکی لە خۆی بەرینتر بگرێتەوە لە جیهانی شەڕە دندوکێ و خەباتدا. ڕاستییەکەی من لە گۆشەی قەڵەندەرانەی بێتوانای تەئسیر و تەغییرمەوە هەموو جۆرە توندی و پەڕگیری و گردەبڕایەتی و هەڵوەشاندنەوە و پووانەوە و چی کەمیش بێ لە پەکخستنی خەڵک دژی قەناعەتیانەوە تێکڕایان تاوانبار دەکەم.

ئنجا چ هەوڵێکی بۆ پەرە پێ ستاندنی مەزهەبێک لە سنووری، کوردی گوتەنی، حوسنوڕەزای خەڵک تێپەڕی کرد لە هەموو ڕوویەکەوە مەرفووزە من پەڕگیرم و بنەڕەتیم و نەسەلمێنی چاوپێدا گێڕانەوەم لە مەسەلەی «دڵخواز- اختیار» چونکە چەندێکی لە تۆبزکاری بسەلمێندرێت دەکێشێتەوە بۆ زۆری، دەرگەی بەرە و تەئویلیش بۆ دنیا دۆست دەکاتەوە چونکە لەبەر کەمتەرخەمی خەڵک لە ئاست مافەکانیان دڕندەترین کەرستەی چپاندن، بێ تەئویل، بەکار دەهێنن چ جایی ئەوەی بەهانەیەکیان دەست بکەوێ. ئەو یاسایانەی زۆرینەی خەڵک پەسەندی دەکات بەسە بۆ جوداکردنەوەی ڕەوا و ناڕەوا.

لە ڕووی پاکیشیانەوە بەسە کە بلوێ لەلایەن زۆرینەی ئازادانەوە بگۆڕدرێن، بۆ ئێمەش بەڵگە لەسەر دروستیی ئەو حاڵە بەسە کە دەبینین جیهان ئارامە و داد لە برەودایە و پێشکەوتن بەردەوامە لە هەر وڵاتێکی پێڕەوی لە ئازادیی بیروباوەڕ و لەعنەت لە زۆرکاری دەکات.

بە هەمەحاڵ وەرامی من بۆ کەسێکی لەپایەی ئەو قسانەم دادەڵەنگێنێ کە لە قەڵەمی مرۆیەک دەچۆڕێتەوە قەڵەمی هەڵواردوە بەسەر تیغ و پەتدا، ئەوەیە کە دەڵێم: ئەوا چاوم پۆشی لەهەرچی شیاوی و نرخ و گرنگی هەبێت لەو بەڵگانەی گوتم و دەیڵێم بە پاڵپشت لە گۆشە نیگام، وا خۆم و پەرۆشم و خەریک بوونم خستە بەختی ئەو هێندە ئینسافەی وەک خڵتە لە قووڵایی ویژدانانداندا مابێت لەوەدا کە من نەموێراوە ئازادیی تەعبیر بەکاربهێنم بایی هەزار یەکی ئەوە بکات کە ئاپۆرەکوژی بێگوناحان و تێکدەری شار و دێ و کێڵگان بە مجێزەوە و ڕێگری ماڵ و گیان و ناموس بە فەخرەوە دەیکەن لە ژێر دروشمی ئەوتۆ بە شکۆوە دەدرەوشێتەوە و بە نامەی پاکی و پیرۆزییەوە هەڕەشە لە هەموو مرۆیەک دەکات کە لێو بە ڕەخنە ببزێوێ.

قسەی خۆمان بێ: لە کۆنەوە وەها عادەت بووە، هەژارێک تەبیاتی دەسەڵاتدارێکی لێڵ کردبێت پاداشەکەی لە خەڵکەوە بە دمدا هاتنەوە و تێڕاخورین و بەهەڵە دەرچواندن بووە چونکە خەڵقەکە ڕاهاتووی ناز ڕاگرتنی مرۆی دەسەڵاتداری ستەمکار بوون کە ئاکامی یەکەمی ئەم عادەتە گاڵتەکردن بوو

به گەدایەکی پیێ لە بەرەی خۆی پتر ڕاکێشێت، ئا ئەو گاڵتە و تیز پێکردنە ڕوویەکی مەیلەو شرایەوەی پڕ لە مەرایی و هەلپەرستی پێوە بووە و هەیە بەوەدا کە تیزکردووەکان خۆیان دەپەڕێننەوە لە خامۆش بوونیان بەرانبەر زوڵمەکە، لەگەڵ ئەو پاکانەیش هەستێکی نێرەمووکانەی لەخۆڕازی بوون دڵیان دەداتەوە: وا لێرەدا سێ کەتنی‹٢٩› زل لە ناوتوێژی هەڵوەستێکی مەینەتاوی سەر بە جەرگەی کۆمەڵایەتیمان پەیدایە: کەتنی یەکەم تاوانبار کردنی مەردایەتیەکی بەخشندە.

کەتنی دووەم، پیرۆزبایی لە باغڵ بوونی زاڵم ڕووبەڕووی کۆمەڵەی ورەبەرداوان. کەتنی سێیەم پاکانەیەکی ساختەکارانەی گەل بە بەهانەیەک کە پیرۆزبایی زاڵم تێکەڵ بە شکاندنەوەی مەردێکی ستەم نەسەلمێن دەکات.

من نەدەهاتم ئەو جۆرە سەرشکێنییە بەکاربهێنم ئەگەر بمدیتبایە گەدایەک بایی دەیەکی سەلماندنی زوڵمی زاڵم چاوپۆشی کردبایە لە گەدایەکی دیکەیان هەر نەبایە گەدای سەرشکێن نەکردایە لە بەدەمداچوونەوەی ئاست زۆردار خۆ ئەمەش پێی دەڵێن «اضعف من اضعف الایمان – ئیمانی زەعیفتر لە زڕەئیمان».

من دیتوومە گەدا بینە قاقەی گەدای گرتووە تا سنووری هەلاکەت، چ بە کوژەری و چ بە کوژراوی بێت، دیتووشمە تا ڕادەی زیللەت دەستە و نەزەری زاڵم ڕاوەستاوە، خۆ ئەگەر نەختێکی دڕایەتی گل دابایەوە لە ئاست گەدا و هەندێکیشی سەرشۆڕی کەم کردبایەوە لە ئاست زۆردار لەنگەری تەرازووی گوزەرانی دانەدەلەنگا. بەڵام ئۆگر گرتنە بە عادەت کە بەرەو هەڵوەستی بێلزومیەوە دەبات. قورئان، بێقسوور، گلەیی لە پێغەمبەر کرد کە ڕووگرژ بوو لە کوێرێکی وەڕسی کرد بە پرسیاران لە حاڵێکدا پێغەمبەر خەریکی شتی گرنگتر بوو ئیتر ئایەت ڕیزیان بەست لە «عبس وتولی ان جاءه الاعمی» تا گەیشتە ئەوپەڕی گلەیی لە «اما من استغنی فانت له تصدی» ئیتر بۆ دەبێ حاڵ بەرەواژ بێتەوە دووای سێزدە سەدە لە بەرەوپێشچوونی زانستی بەوەدا هەژار گلەیی لێ بکرێت هەر چونکە یەک لە نیوە خوایەکانی نەختێک سەغڵەت کردبێت؟ من ئەگەر پەرۆشێکی نەزۆک دەخۆم لەو گلەییەی خەڵک لە هەژاری دەکات، خۆ ئەو گلەییکەرانە یەک بە یەک پەشیمان دەبنەوە لەو خۆگنخاندنەی ئاست تاوانبار کردنی ستەمکار و تەنبەڵی کردن لە یاریدەی کەسێکی لێی ڕاسا بێت هیچیان ڕزگار نابن «لە ڕۆژێکی ستەمکاری باغڵ دەرگەی لێ دەدات و ددانی لێ چیڕ دەکاتەوە و لە هەقوحسێبی دەپێچێتەوە بە پێی یاسایەکی دارستاننشینان، ئەوساش پەشیمانی و بابەڕۆ دادنادات»‹٣٠›.

لێرەدا قسەم بەسەر هەموو لایەکدا ڕاکشا کە بە ئەسڵ ڕووی لە کوماندەی پێشەنگان و تێکڕای خەباتگێڕان بوو کە خۆیان هەڵگری مەشقەڵی شۆڕش و چەکوچی شۆڕشی عەکسین و نامزەدی یەکەمن بۆ هاڕین و کوتان لە ئاشی تەفسیری بەرژەوەندی ماددی تەناقوزی چونکە ڕکەباریی ناوخۆیی ڕێکخراوی خەباتکەران، بە پانایی جیهان، بە حوکمی فەلسەفەیەکی دەیبزێوێت و دوواکەوتنێکی لەو وڵاتانەدا هەیە، چالاکیەکی بە برەو و بەردەوامە تا ئەگەر لێک خشان و پێک کەوتنەوەی خەڵکی لە یەکتر دوور مومکین نەبێ خۆ لە نێوان خزمان ناچارییە: سەیر و سەمەرەش لە تەجرەبەی کەسانێکی نۆرەی لەناوبردنیان دەگاتێ، لەو تێکۆشەرانەی جیهانی سێیەم، حەفتەم، دەیەممان ئەوەیە کە هەرگیز بە

بیریاندا نەهاتووە پەتێکی بە دەستیانەوەیە لە ملی خۆیان بئاڵێت، تا ئەگەر «بلغت التراقي»‹٣١› هەرچی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا هەیە بە خۆیان و چارەی بنەڕەتییانەوە دەپوێنەوە و دەبنە پنۆکێکی ڕەش کە خەست بۆتەوە لە تاریکایی خۆ فریواندن بە نیعمەت و خۆشی خۆیان و هەڕەشە کردن لە غەیر.

کەسێکی بە درێژایی عومر لە ڕێی شانازی کردن بە عیلمانیەت و چارەنووسایەتی خۆی فش هەڵێناوە بەسەر خەڵکدا کاتێ دەگاتە ڕۆخی مەرگ دەبێتە قەپووچکەیەک بە نووکی دەرزی دەفشێتەوە: لەو دەمە تەنگەتاوە خەفەکەرەدا یارمەتیدەرێکی بۆ خۆگیری نییە مەگەر بە گەڕانەوەی بۆ لای بەزەیی و میهرەبانی کە بە درێژایی ڕۆژگار ڕەفزی کردووە.

ئایا یەک دوو دەقیقەی بەر لە مەرگی بەشی ئەوە دەکات کە عومرێکی بەسەری برد لە ئیمان هێنان بە سووتاندن و خنکاندن و هاڕین بپێچێتەوە و لە جێی ئەودا ترنجۆکێکی موژدەی سەلام و گەشایی ڕابیەخێت هەتا گیانی یان هێزی ژیانی گاگۆڵەی بەسەردا بکات بەرەو گەشتی بەسەرچوون و بڕانەوەوە؟ وا مەزانن ئەم گوتەیەم نەخشێکە بە پەراوێزی گەشتنامەی ژیانەوە و ناچێتە نێرتکی ئەو هەرایانەی لە مێژوودا گەمەیان پێ دێت، خۆ ئەو خەباتگێڕانەی نەعرەتەی پاڵەوانی و داستانی شاڵاوبردنیش لێدەدەن لە کەرتوپەرت کردن بەولاوە هەر وشەیان پێشکەش کردووین، هیچ کامێکیان یەک خشتی لەسەر قوڕی دیواری وێرانترین زنج دانەناوە، هەرچی فەرموویانە لەسەر سەکۆی دەسەڵاتەوە بە ئەمر و نەهی خەڵکیان ناچار کردووە بە کردن و نەکردن، من و یەکێکی دیکەش بارتەقای ئەوانین کە کووتاڵی وشە پێشکەش بە ئاپۆرەی خەڵک دەکەین فەرقێکیش هەبێ لە نێوان هەردوو کوتاڵدا وەک فەرقی نێوان شیرینی مۆسیقا و گرمەی تۆپە.

ئەگەر مۆسیقای ئێمەمانان بۆی نەلوابێ موژدەکانی خۆی بچرێت تا بزاندرێ چ خەرمانێکی لێ دەکەوێتەوە خۆ چەندین وڵات لە پلەی سەرەژوورچووندا گەیشتنە کەمانژەنی لە بری تۆپ تەقاندن بۆ جوداکردنەوەی ڕەوا لە ناڕەوا، لەو وڵاتانەدا مەودای نێوان سێتار و شەستیر روون بۆتەوە لەلایەن گەشاندنەوە و توونا کردنەوە.

قسەی من و غەیری من زیان بە کەس ناگەیەنێت، خۆ ئەو تەقەمەنییە نییە خەباتگێڕان مەرحەبای بنەڕەتیی پێ لەیەکتر دەکەن، ئەوپەڕی زەرەورێکی تێشیدا بێت بەفیڕۆ چوونی ئەرکی فکر و نووسینیەتی، تۆبزیش لە کەس ناکات. ئەگەر بەدترین ئاکامیشی لێ کەوتەوە بەوەدا خەڵک دووای کەوتن و سوودیان لێ نەدیت خۆ هەر نەبێ شەڕیان پێوە نەدیتووە: وامان دانا ئەو ئەرک و کاتەی خوێنەر لە خوێندنەوەیەدا خەرجی کرد، لە حەللی وشەی تێکهەڵکێش یان ڕیوایەتێکی ئەرسین لوبینی بە فیڕۆ دا. گرنگی فکر لەوەدایە ببێتە بەرنامەی چالاکی، بە خۆی و ئەرک و ئاکامەکانی کە وەک ئاڵقەی زنجیر بە دوا یەکدیدا دێن، هەرچی ڕەخنەی پاکە کە لە تاوانبارکردنی توندی و گردەبڕیەتی (حدية) بەکاردێت ئەوەندەی بە بەرەوە هەیە، هەر نەبێ، وەک زەیت ئاسنی ژەنگاوی پێ چەور بکرێت تا ڕەونەق بداتەوە و لە ڕزین بپارێزرێت، دامان نا زەیت نەبوو، یان ڕژایە سەر لمی داخ، خۆ زەرەری کەسی تێدا نییە هەرچەند بەخەسارچوونیشی دڵی کەس خۆش ناکات چونکە بەفیڕۆ چوونی ئەرکێکی چاکەی خەڵکی تێدا مەبەست بووبێ کەلێنی پڕ نابێتەوە.

دەزانم قسەیەکی سەبرۆکەی وەک ئەوەی من سکاڵای پێ دەکەم لەگەڵ خوولیای کەسانێکی دەیانەوێ ڕزگار بن لە دەست توندوتیژیەکی بە ئاگریەوە سووتاون و یان گوێی تیژڕۆیی سەر ڕچەی گردەبڕی و ڕیشەکێشی پێ دەزرینگێنمەوە، ئا ئەو قسەیەم هێند کورت دەهێنێ لە هەوڵی ڕاستکردنەوەی چەوتی و چوێڕی و هەڵستاندنەوەی حەق، وەک ئەو کزە شەماڵەش نابێ کە لە فرتەنەدا بیەوێ کەشتی بگەیەنێتە کناری سەلامەتی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا و لە ڕقی ئەوەشدا و بەهۆی ئەمیشەوە کارەکە دەچێتە پایەی «مقدس» ێک کە لێ هەڵاتنی دەبێتە گوناحێکی گەورە تا ئەگەر هەموو خاوەن قسەی نەسیمی خامۆش بوون گوناحەکە وەک «فرض الکفایة»<٣٢> هەموان دەگرێتەوە چونکە خامۆشی سەرلەبەر لە ئاست «باطل» ی بێسنوور هەموو خامۆشەکان تاوانبار دەکات: تۆ بێنە بە خەیاڵ مێژووی خەباتی چاکە دژی خراپە خاڵی بکە لە نەعرەتەی (ابو ذر) و نرکەی (احمد بن حنبل) و خاوەن ویژدانە زیندووەکان بە درێژایی تێخزانی زەمان لە مەکان «ذلک ان خلو التاریخ من قولة (لا) تلقاء الباطل المستفحل هو تعطیل لنصف قوة الحق فی طلب الکمال لان دحض الباطل نصف المسافة الی تمام البرهان»<٣٣>.

خەفەتێکی زلی ئەم بوارە گوتەیەکە پەککەوتەکان دەیڵێنەوە لێیان دەبێتە نیشانەیەکی زەق بەسەر فرکەی مسکێنی لە دەماریاندا کە دێن بە دەمی بەشی شێوە باوەشکەوە دەڵێن: ڕۆژەکی دێت ماڵی زاڵم کاول بێت، بەمەشدا سێ بەرگی ئەستووری «باطل» لەبەر «حەق» دەکەن: یەکەمیان ئەوەیە باسی ماڵکاوولی مەزڵووم ناکەن کە لەم ڕۆژەدا بەرچاوە نەک هی دوواڕۆژ، چما ماڵی دادپەروەر لە کاوولی ڕزگار بووە؟ دووەمیان ئەوەیە مەسەلەکە دەداتەوە بە ڕۆژگار کەوا بێ خەمخۆریی خراپەنەویستی و چاکەخوازی کۆتایی بە هەموو شتێک دەهێنێت.

سێیەمیان ئەوەیە، ڕمانی ماڵی زاڵمێکی وا بە پێوە سەرەتای زاڵمێکە هەر بزانە بە پێوە بوو، نەک کلیلی دەرگەی بەهەشتە. وەی کە ئەو خەڵکە چەند چەوت بیردەکەنەوە! ئەوپەڕی سێبووری لەو گوتەوە بنیشێتە دڵی بیسەرەوە هەر ئەوەیە، زاڵمێکی دەست نیشانکراو هەتا هەتایێ بەردەوام نابێ، ئەو سێبوورییەش وەک ئۆقرەی بەرخێکە ڕۆژێکی بێ سەربڕینی تێپەڕاندبێت.

دەشبێ بزانین لەوانەیە ماڵی زاڵم ئاوەدان بێ و پشتاوپشت بۆ زاڵمان بە میرات بڕوات و مەزڵوومیش ملی بۆ کەچ بکات. ئیتر چ هەستی درۆزنی ئەمین بوون لەو قسەیەدا هەبێت بریتییە لە کمێک بەنگکێشی کە بەدیار گوشادیەکی نادیاری بەرتەماوە خەڵک بهاوێتە سەرباری کەمتەرخەمییەوە ئەوپەڕی شانازییەکی تێشیدا بێت تاوانبارکردنی زوڵمە بە دەم ڕۆژگارەوە، شانازیەکەش بەڵگەی پووچەڵی خۆی لەگەڵ خۆیدایە بەوەدا کە ئەو پەندە لە هەزار ساڵەوە دەگوترێتەوە بێ ئەوەی دەستە تەرازووی داد قورستر بکات وەیا بایی دەنکە خەردەلێک تەرازووی ستەم سووک بکات، گومانیشم نییە زاڵم هەبێ پێی وەتەنگ هاتبێت یان خۆی دزیبێتەوە لە گوتنەوەی وەک کەسێکی تۆز لە شاقەڵی کەوای بتەکێنێت.

چی فەلسەفەی عارد و فەلسەفەی ئاسمانیش هەیە پەککەوتە دەبێت ئەگەر خەڵکێکی بە دوواوە نەبێ بە نیازی لەکارهێنانی ئیمانی پێ هێنابێ، چاکەش بابەتێکی ناسکە زوو دەبەتڵێ و بارمتەی بەهێزی گەرەکە لە ئاکاری کۆمەڵایەتی خەستوخۆڵ و کرداری تاکەکانی هەتا سازشی بەردەوام بێ، چ بەهانەگری و زڕە تەئویلانیش بە خۆوە ناگرێت لە چەندوچۆنی واتاکەی و لەوەی دەیپارێزێت: هەر جۆرە

لەنگەربەزینێک پەیدا بێ لەو جۆرە دەستە تەرازووی لەنگەری ژیاریی وڵاتە پێشکەوتووە ناسراوەکانی بەسەرەوە وەستاوە لە ئاکامدا دەکێشێتەوە بۆ داوەستانی واقیعی کۆمەڵایەتی بەو جۆرەی زاڵم کەیفی پێ دێت: هەرگیز جیهان لەخۆوە بە خولگەی چاکە و پیرۆزی و حۆریەکانی بەهەشتدا نەسووڕاوەتەوە. لەوانەیە بابایەکی جیرە تەبیات تێبنووسی لە ڕاکێشانی کەوانی<٣٤> جەدەل و بڵێ: بەهەر حاڵێک بێت، تێژەنین لە زوڵم چاکترە لە خامۆش بوون و پتر دەوامەی فرکەی هەست کردن بە چاکە و خراپە لە دەماراندا ڕادەگەیەنێ، منیش بە ویژدانێکی ئارامەوە دەڵێم، ستەمکار لە خۆی بایی دەبێ کە لە حزووری خۆیدا زووڵم ئابرووی بزرێت چونکە لێی سوورە خووگرتنی دەروونان بە مەرایی و دووڕوویی ناهێڵێ مەبەستیان ئەو بێت لە زڕاندنی ناوی زوڵم.

فەرموو چاو بە مێژووی دووڕوویی شاعیراندا بگرە لە تەرخان کردنی مەدحەکانیان بۆ ستەمکار سەیرت دێتەوە لەو هەموو جورئەتەی شاعیران کە دێن بە «پاکی» دا هەڵدەڵێن ڕووبەڕووی کەسانێک پیسترین وێنەی فاسقی تێیاندا مەییوەتەوە و مەدحی بەزەیی جەللادی زەمانی خۆی و هەموو زەمانێک دەکەن ئیتر برۆ بەرەو پێرستی ڕیاکاری لە بەرەواژکردنی مەعنایان تا دەگەنە بڕشتی کام جلکی ناسکترە و ڕوونترە و شەفافترە و شەرەفدارترە بۆ باڵای کام زۆرداری بەدتەبیاتتر و دڕخووتر و کوێرویژدانتر، ڕەنگە لێرەشدا «متنبي» کە لەقەبی «ابو المسک» ی بە کافووری قولەڕەش بەخشی دەرگەیەکی ژیرانەی دۆزیبێتەوە بۆ ڕزگاربوون لە تەنگانە بەوەدا کە خۆی لاڕێ کرد لە مەرایی دزێوکردنی سپایی بۆ خاتری سیایی ئیتر شیرن کردنی ڕەشایی میسک بوو بە ئابڕوو پارێز و گلەیی ڕەوێنەوە. شتێکی لەم بابەتانە کە هەستە دەماری مرۆی هەستیار دەگوشێ ئەوەیە، بێژەیێکی ڕیاکارانەی بۆ خاوەن دەسەڵات بە دیاری دەچێت هەرگیز نەخراوەتە ناو بۆتەی تاقی کردنەوەی ڕاستی و درۆیی، هەر ئەوەندەی لەگەڵدا کراوە کە بە تەرازووی ڕەوانبێژی هەڵکێشراوە تا ئەگەر داڕشتنەکەی بێعەیب بوو نەختێکیش ئارایشتی لەگەڵدا بوو دەچێتە پایەی لایق بە پەخشانی نازدار و هەڵبەستی تۆقەڵان ئیتر پشتاوپشت بە ڕێزەوە و حەپەسانەوە دەخوێندرێتەوە:

ارهبت اهل الکفر حتی انه

لتخافک النطف التی لم تخلق

«وەهات کافر تۆقاندووە نوتفەی نەخوڵقاویش لێت دەترسێن».

وەهاش دەبێ پاش ئەوەی ئێسک و پرووسک دەبن بە خاک، چ هی مەدحکەر و چ هی مەدحکراو، ترسی ئاکامی ڕاستگۆیی لە نرخاندنی شوێنەوار و خەبەران لە دڵاندا نامێنێت، لێرە و لەوێ ڕەخنەیەک و توانجێک سەر هەڵدات، بەڵام سەرشکێن کردنی بێدەسەڵات کە قەباحەتی زلە پیاوان بە قەباحەت ناو دەبات بێوەخران و بێبەزەیی و بێشەرەفانە ئەنجام دەدرێت چونکە چپاندنی بێدەسەڵاتان هەڵی خۆهەڵدانەوە بە مسکێن تەبیاتەکان دەدات کە چڵێسی ئەوەن هەڵوەستێک ڕاوەستن لە ڕواڵەتدا هێزێکی مەوهوومی تێدا بێت، لایەنگیری کردنیشیان لە دەسەڵاتدار بە توێکڵێکی ڕووکەشەی ئامۆژگاری پیتۆڵ و پەندی ژیرانە [ڕووبەڕووی بێدەسەڵات] تەمایەکی ڕەزامەندی دەسەڵاتداری پێوەیە کە هەرنەبێ لە

گەزەندەی ڕزگار دەبێ. لە تێکڕای مەسەلەشدا ڕێ خۆش کردنێکیش هەیە بۆ خۆ بەسەهوو بردن لە پەسەندایەتیی سەردانەواندن بۆ هێزی ستەمکاران. هێشتان بۆ دووڕوو بە شەرەفترە کە بێ پێچ و پەنا مەرایی بکات و بۆ لووت بەرزیش شەرافەتمەندترە خوێڕیەتیی خۆی بەسەر لاتەوە بێ دەنگانە لەکار بهێنێ. بەڵام دەڵێی چی! مەیلی دڵان وەلای ساختەچییەتی مەزەدار مەیلی وەلای حەقیقەتی سادەوە دەکوژێت.

یەکێک لەو خەفەتە بێڕەزایانەی بەڕواڵەت جێی سەیر پێ هاتنە ئەوەیە، دڕی و شڕی خەباتگێڕان لە شەڕی ناوخۆیی، لە هەڵمەت یا لە پاشەکشەدا، نێزیکترە لە جانفیدایی و قارەمانەتی و عەزمی پتەو تا ئەوەی لە تێکهەڵقژانیان لەگەڵ دوژمندا پێیانەوە دیار بێ. لەوانەیە خەباتگێڕێک ڕووبەڕووی یەکێکی وەکوو خۆی لەسەنگەردا پێگیربێ وەک تاوێرێکی دوو بەشی لە خاک ڕۆچوو بێت، یا مەرگ یا سەرکەوتن نەبێ هەڵناقەنێ.

ئازایەتیەکە لە شەڕی دۆستی دوێنێی لە دەماری دەکوڵێت تا کۆتایی هەنگامە، کاتێک ڕووبەڕووی دوژمن بوو، فاکتەرەکانی گیانپارێزی و خەفتیانی سەلامەتی و خۆدانان بە یەدەگی خەباتی دوارۆژ و چەندین تەبریری ئەوتۆ لە پێویست بوونی پارێز و خۆنەدانە هەلاکەت کە بە شریتە دەلیلی ڕاست بوونیان لە مێژووەوە هاتووە تێیدا بە خەبەر دێن، ڕەنگە هەمووشیان دروست بن بەڵام حیسابی بۆ هیچیان نەکردووە لە شەڕی خەباتگێڕێکی بەرەی خۆیدا.

هۆی ئەم دیمەنە بەرەواژە شتێکی دەروونی و ئیعتیبارییە هیچ پێوەندیی، نە ڕاست نە درۆی نییە بەو بەرژەوەندەی لە فەلسەفەی خەباتدا ڕەچاو دەکرێت و ئەو هەڵوەستە هەمەجۆرانەی بەرژەوەند کە داوایان دەکات چونکە نە بەرژەوەندی ڕاستینە نە هی ورێنەکرد پەیدا نییە لە نەرم بوون لەگەڵ دوژمن و دڕ بوون لەگەڵ خێزانی ماڵەوە، سەبەب لەوەدایە کە دۆستی دوێنێ مرۆیەکی ئاسایییە بە خۆی و عەیب و نوقسانی و بێهێزییەوەی تا ئەوەی ئاهەنگی پرخەی خەوی و تەقەی قرقێنەی جودای دەکاتەوە لە هی دیکە، لەوانەیشە ئینتەلای پاش جەمی چەوری بەس بێ بە لای برادەریەوە کە پلەی بەرزی پێ ڕەوا نەدیترێ کاتێک خێر و خۆشی بەسەر تێکۆشەراندا دارەبەش دەکرێت!! دەشبێتە عەیبێکی زل و بێسەبەب ئەگەر تێکۆشەر لە ئاست یەکێکی وەکوو خۆیدا خاو ببێتەوە کە لە خۆی پتر قارەمانیەتیی نەنواندبێت، گۆیا چ مەنتقێک هەیە لەسەر کیسەی ئەو شەرەفی سەرەفرازی وەرگرێت و نوشستیش بۆ خۆی بێت.

تێکۆشەر لە حیسابی سوود و زیاندا ئەم لێکدانەوەیە دەکات تا ئەوەی لە حەفتاکاندا دیتمان سەدان لە جانفیدایانی کێشەیەکی بەناوبانگ خۆیانیان دایە دەست دوژمنە مێژوویییەکان کە تەفرووتوون کردنی [ئەو دوژمنە] تاکە ئامانجێک بوو بۆی دەکۆشان و بەقوربانی دەبوون کەچی نەیانسەلماند چەک فرێ بدەن بۆ ئەو هاوڕەگەزانەی چەند ساڵ بوو لێیان مێوان بوون<٣٥>.

تێکۆشەرانی بەرەی فەلسەفەی گردەبڕی و ڕیشەیی لەوانەن پێکەوە هەڵکردنی هێمنانەیان لەگەڵ دوژمندا بە بەرێکی پەسەند لە بەرەکەتی مێشکرۆونی حیساب بکەن کە تیشکی داوەتەوە لە نەزەریەیانەوە بۆ سەر واقیعی خەبات بەڵام مومکین نییە لەگەڵ ئەو هاونیشتمانیانەدا هەڵ بکەن کە ویژدانیان بۆ بیروڕایەکی بردوون نەختێک لە زەمینەی ئابووری وەیا ڕۆشنبیری، جودا بێ لە عەقیدەی ڕەسمی زۆرینە،

لەوانەیشە ڕۆژگار ڕاستی و دروستیی عەقیدەی کەمینە بە ئیسپات بگەیەنێ، پاش تەفروتوون کردنیان... ئەمما وەستاندنی شەڕ لەگەڵ دوژمنی هەرە سەر ڕەق، ئەمیان، تەعلیلێکی دەدرێتێ کە لە مجێزی نەوس نەک بڕیاری بەرژەوەندەوەیە، ڕێکیش دێت لەگەڵ خۆشجڵەوی تێکۆشەر بۆ ڕازی بوون بە سەرکەوتنی دوژمن لەچاو سەلماندنی سەرکەوتنی دۆستی دوێنێ و پێرێ: هەرچی دوژمنە خەڵقەندەیەکە چەندوچۆنی و کاروبار تەبیات و ئاکاری نەزاندراوە و نوقسانیەکی هەیبێ وەک هی دۆستی دوێنێی دەرناکەوێت، بۆ لایەنی ئازایەتیش ئەو بەڵگەیەی بەسە کە مل دەنێتە شەڕێکی مردن و ژینەوە، ئیتر هەرچی لێی بەدەر دەدات دەچێتە حیسابی ئیجابییەوەی، کە قیاس بکرێ لەگەڵ دۆستی دوێنێ پشکی لایەنی سەرکەوتنی پۆزتر دەبێ، هی لایەنی تێشکانیشی بە تاڵتر دەبێ و هەرگیز وەکوو مرۆیەکی ئاشنای عادەتی لەبەر چاوان تەخت و تەنک نابێتەوە.

لەمەش بترازێین، شکانی تێکۆشەر بەرانبەر دوژمن ئیحتیمالێکی حیسابیە بە نیسبەتی لە سەدا پەنجا، ئەمما شکان لە شەڕی ناوخۆیی بەرانبەر دۆستی دوێنێ شوورەییەکی ڕووت و هەلاتنەکی نەکردە نییە و باوەڕ دۆڕاندنێکە لە پلەی خیانەت... تێکۆشەری گردەبڕی و ڕیشەکێشی ئەم شێوەیە فکر دەکاتەوە، لە پەناوپەسێوی هۆشی ونیشی، بگرە هۆشی ئاگاداری، خەیاڵێکی خۆشکەڵەی خۆ نازۆکردن بە ماڵ و دەسەلاتی حەلاڵ و زەلاڵی بەر تیشکی عەقیدەکرد هەیە وازی لێ ناهێنێ بۆ برادەری دوێنێ نە لەبەر خاتری مەنتیقی پالاوتەی حەق و نە بە چاوەدێریی نان و نمەکێکی لە نێواندا بووە، هەر ئەو نان و نمەکەش بوو برادەری دوێنێی پێ تەنک بووبۆوە بە جۆرێک چ ناوەڕۆکێکی حەزۆ و درۆ بە خۆیەوە نەگرێت.

چاوێک بە مێژوودا بگێڕە و لیستەیەک بگرەوە بۆ ئەو گەردەنە بێتاوانانەی تیغێک بڕینی داوای حەقپەرستی دەکرد... بۆ ئەو ئاواییانەی بەسەر وەرزێرەکانیاندا، بە ناوی خزمەتی وەرزێر و یارمەتیی بەرهەم کاول کران و بۆ ئەو [کارە] گیانکوژ و ماڵبەرانەی کە بە لێزمەی بەلای ناگەهان دادەبارینە سەر بێتاوانان لە بن خێوەتێک کە بۆ پاراستنی داد هەڵدرابوو!! بژمێرە، کە ناژمێردرێ، بەرهەمی هۆشی جوانکار کە بە دەستی نەزانی و چەپەڵی سووتێندران، ئنجا لیستەکە بناخنە بە جۆرەها دامەنپیسی و لە ڕیز دەرچوون بە باتڵی حەقپۆشکراو و درێو بە جوان نیشان دراو و بە وەرگێڕانی ناوی شتان، دەبینی لیستە بە درێژایی مێژوو درێژ و بە پانایی مێژوو پان هەر لەو ڕۆژەڕا حەق لە ناحەق جوداکراوە و چاکە لە خراپە ترازا تا ئەم ڕۆژگارەی کەوڵی «لە گەردەن دان» لە زۆربەی وڵاتانی خوا ڕاخستراوە و یاسای شکەفت و دارستانی بە سەرەوە دەگەڕێ دەشزانین ئەو تەرازوانەی دەستەی حەقیان سووکە و هی ناحەقیان گرانە کێشانەی حەق و ناحەق لەیەک وڵاتدا دەکەن و دەستیان ناگاتە دوورە وڵات تا کێشانەیان بۆ بکەن لەو زەهر و زەققوومەی دەرخواردی خزم و برادەرانی دەدەن، ئەو دەستەی تەرازووەکەشی هەڵبڕیوە، بە زاهیر، دەستی پارێزگاریەتی نەک دزەکەی‹٣٦›. ئنجا فەرموو خەفەتێک لەو خەفەتانە هەڵبژێرە و مەینەتی تێبرژێنە.

پەرۆشێک لەو پەرۆشانەی هیچ فەرهەنگی پزیشکی نایگرێتەوە لەو فەرهەنگانەی هەموو دەردە کۆمەلایەتییەکانی گرتبێتەوە، بەلایەکە لە مێژووی جیهانی سێیەمدا وەک هەوری ئیقلیمگیر پنۆکێک خۆڵ

و تاکێک لە خەڵک نابوێرێت، زلیەکەشی لەوانە نییە ڕستە و دوو ڕستە وەسفی بکات، بەڵکوو نزیک خستنەوەی بۆ بەر زەین نموونەیەکی گەشی گەرەکە تا بنیشێتە قەناعەتی خوێنەرەوە دەنا باس کردنی بێسوودە و پێ داگرتن لەسەری وەک چەنگ گرتن لە هەوایە و خەریک بوون بە مەزموونیەوە خەیاڵ و وڕێنەیە: نموونەکە لەسەرگوزەشتی پێغەمبەر مووسا [لە قورئاندا] هاتووە کە گوتی: «لا ابرح حتی ابلغ مجمع البحرین او امضی حقبا» تا گەییشتە «عبدا من عبادنا صالحا» بوو بە هاوڕێی بە مەرجێک نافەرمانی لەگەڵدا نەکات. حتی اذا لقیا غلاما فقتله«‹٣٧› ئێمەش لەگەڵیدا دەگەینە ئەو شوێنی مەبەستمان بوو بۆ ڕوون کردنەوە: عەبدە سالحەکە لە تەبریری کوشتنی ئەو منداڵە گوتی: «واما الغلام فکان ابواه مؤمنین فخشیت ان یرهقهما طغیانا وکفرا» واتە: ئەو منداڵە دایک و باوکی ئیماندار بوون ترساین [منداڵەکە کە گەورە بوو] بە کفر و لە خۆدەرچوون بیانڕەنجێنێ.

لە مێژووی جۆشان و خرۆشان، لەوەتەی خەبات و جۆش و خرۆش هەبووە، نموونەی ئەو منداڵە زۆر هەبوون کە پێگەییشتن بە کفر و بەڵا خەڵکیان هەراسان کردووە. ئنجا ئەگەر دۆزینەوەی بەدایەتیی لە سروشتی منداڵەکەی ناو قورئان بەند بوو بە ڕێنموونی لەلایەن خوای جیهانەوە بەو جۆرەی یەقین ببەخشێت و کوشتنی حەڵاڵ بکات، خۆ ئەو تێکۆشەرەی لەوانە بێت خەڵک هەراسان بکات لە سەرەتاکانی خەباتییەوە بە دڕی و توندی و فڕوفێڵی گەیشتن بە دەسەڵات وەها ئاشکرا و بەرچاوە کە نەدۆزینەوەی جێی سەرسوڕمان بێ.

ئەو شڕ و دڕ و توندەتەبیاتانە لە جۆری ئەو منداڵەن بەڵام کەسێکیان بۆ نەڕەخساوە وەک خدری زیندە بە و دمی غەیب مەفتەن و گەل لە شەڕی ئایندەیان بپارێزێت بەوەدا لە منداڵیەوە بیانکوژێت ئنجا (کە نەکوژران) جووڵەی دووپشکانەیان بەرەو گەنجایەتی دەبێتەوە فراژیبوونی مەیلیان بۆ ئازاردان و توانایان لە زەدە کردن و مەشقیان لە چپاندن و دەستدرێژی.

جا ئەگەر هەڵکشانیان لە پێپلیکەی دەسەڵاتێکی بە جۆرەها فێڵ و داڵدەدان و ترساندن لە ئازاردانی خەڵک بەکاربێت، ئا ئەو هەڵکشانە گلاوە لەواندا شتێکی سروشتکرد و داخوازیی بەدایەتیەکەیان بێت، خامۆش بوونی خەڵک لەو هەموو گۆنگەر و باتڵی دەیکەن و وێڕای ئەو نموونانەی مێژووی دماودەم و نووسراو بەخەبەردەر و ئاگاکەرەوە دەیگێڕێتەوە، ئەو خامۆش بوونە جۆرێکە لە ئیمزای حوکمی خۆ ئیعدام کردن.

من تێدەگەم برە مەڕێک ڕازی بێت گورگ شوانی بێت چونکە مەڕ مێژوو ناخوێنێتەوە و فەندی خۆپاراستنیش نازانێ و چ ئیرادەشی نییە مەگەر بێچارەیی، جگە لەوەی کە بەهەمەحاڵ دەخورێت لەلایەن گورگەوە بێت یان مرۆ ئەمە دەزانم بە پەرۆشێکەوە بۆ بەڵایەکی ڕەت نابێتەوە. ئەمما ئادەمیزاد وەک مەڕ تەسلیمی زڕە بەدکارێکی بچووک بێت کە لەبەر چاویدا خەریکە دەبێتە بەدکارێکی وردوخاشکەری تێکشکێن، هەرچەند لە حوکمی واقیعی ئیفلیجی یاریدەدەری زوڵم مەفهومیش بێت، دیسانەوە ئەو سێبوورییەم ناداتێ کە لە مەسەلەی مەڕ هەستم پێ کرد چونکە ئەو تەسلیم بوونە تاکە «خیار» ی ناچاری نییە کە دەچێتە ڕیزی «بێ خیاری» چونکە ئەگەر مەڕی سکوتلەندە هاوچوونی مەڕی ئۆگەندە بێ ناشێ مرۆی هەموو وڵاتان مەڕی مل ڕاهێشتوو بن بۆ چەقۆی جەللادەکەیان تاکوو حەسرەت

هەڵێنان بۆیان. ورێنە دەرچێت وەک حەسرەت لە سپی بوونی مووی مرۆی پیر یان نەبوونی هەرمێ بەسەر دارەوە لە کوشندەی زستاندا یان کەل بوونی مانگ دووای بوونی بە بەدر بەشی هەرە گرنگی ئەم قسەیەش تێکڕای تێکۆشەران نەک نیوە نوستووانی مەبەستە وێڕای ئەوەی کە مەینەت [ی یەکتر کوژی] لە هەنگامەی خەبات زەنە دەکات نەک هێزێکی ستەمکار بە ملیدا دەبڕێت و چاو غەڵەتێنی تێدا دەکات بە جۆرەها هێڕ کردن.

ئایا نابێتە بێباوەڕی بە خەبات کە تێکۆشەر دوو جاران دەیکاتە قەشمەر جار، هەر جارە بایی سەربڕینێک بێ، یەکەم ئەوەیە، خەباتەکە بە جۆرێک دەگێڕێ ملکەچی دەکا بۆ ئیرادەی هەڵەباشان، دووەم ئەوەیە، کە توانا بە خەباتەکەوە ناهێڵێ خۆی لە چنگاڵی هەڵەباش قوتار کات بە بەهانەی «یەکیەتیی بیروڕا» کە بریتییە لە سەردانوواندن بۆ فەرمانی تۆقەڵان، بێ بەند و بێ مەرج.

ئەم ورێنەیە بە هاراوی لە کار دێت بۆ دەوامەی بێدەسەڵاتیی خەڵک تا سەردەنێ بە گوتەی «دیکتاتۆرایەتیی دیمۆکراتانەی گەل» هەر چونکە ناشچێتە عەقڵەوە گەل [هەتا سەر] خۆی کەلەپچە و دڵخواز و مەنتیقی توونا بکات سەرەنجامی پەندە بەرەواژەکە ئەوە دەبێ کە کەمایەتیی بژاردە یاخود زراوڕژێنی هەرە زەبەللاح سووری گۆپاڵ و شرقەی قەمچی بەکاربهێنێ، هێندەی بەدیهیش ئاشکرایە کە گەل بە تەواوی پەککەوتە دەبێ لەوەدا گوتە مەشوورەکە بگۆڕێ بە «دیمۆکراسی دیمۆکراتانەی گەل» هەروەک سویدی و فنلەندەیی و سکۆتلەندەیی و جڕ و جامشتی! ئەوتۆیی کردوویانە ئیتر بەرەکەتی دیکتاتۆرایەتیی دیمۆکراتانە بەردەوام دەبێ بە تامی «ترش و شیرن» یەوە تا لە خۆوە بە دەم ڕۆژگارەوە دەپوێتەوە یاخود «یقضی الله امرا کان مفعولا... چی خوا حەز بکات...». با لە بیر نەکەم بەدەم قسانەوە: قوتار بوون لە چەنگ ئەو تێکۆشەرەی نموونەی منداڵەکەی حیکایەتی مووسا پێغەمبەر بوو بەو جۆرەی باس کرا لە پایەی محاڵدایە چونکە ئەگەر تێکۆشەرە نامزەدەکەی تۆغیان و یاغی بوون پێش گەییشتنی بە دەسەڵات بکوژرێت دەبێتە قەتلێکی بێ سەبەب و بەهانە چونکە نە بە یەقین و نە بە تەرجیح ناسەلمێ فلانە تێکۆشەر لە دووا ڕۆژدا غەڕڕا دەبێت و هەڵدەچێت و هەڵدەشاخێت هەتا ئەو ڕۆژەی لە واقیعدا غەڕڕا دەبێت و هەڵدەچێت و هەڵدەشاخێ.

ئیتر پێشدەستی کردن لە کوشتنی دەبێتە مانیع لە سەبەبی کوشتنەکە، بەوەشدا تاکە کەرستەی قوتار بوون لەو بەدایەتییە دووبەختییەی بوون و نەبوون هەر بەوە دەبێ دەرفەتی گەییشتن بە دەسەڵات و سەرۆکایەتیی لێ ببەسترێت کە دەزانین لە هەموو خەباتی سەر بە شێوازی بنەڕەتی و ڕیشەکێش کارێکی زێدە سەختە چونکە زۆربەی تێکۆشەرانی ژێر سێبەری ئەو فەلسەفانە لایەنگیری دەسەڵاتی کەمایەتین و دوژمنی شێوازی هێمنانەن، لەوانەیشە هەر یەکەیان بە تەما بێ لە هەلێکی بەختەوەردا ببێتە فەرمانڕەوای خودبەسەر، لەوەوە چ ئومێد نامێنێ ڕژێمێکی بناغەی لەسەر گردەبڕایەتی و ڕیشەکێشی دامەزرابێت چەردێکی گیانی دیمۆکراسی ڕاستینەی تێبگەڕێت وەک ئەو وڵاتە تێهەڵکشیوانەی خاوەن ڕژێمی دوور لە کپ کردنی ئیرادەن، لێرەدا دەبێ بڵێین فەرق لە نێوان گردەبڕایەتی و سەر بە باوەڕی چینایەتی و گردەبڕایەتی حیزبێکی ناچێتەوە بۆ چینایەتی وەیا تاکە زۆردار دەیگرێتە بەر، هەموویان دەگەنە یەکتر لە پەستاوتنی ئازادی بایی ئەوەی دەنگی جەماوەر تەئسیری پێوە نەمێنێ. لە ئاست

هەڵچوونی تاکە کەسدا تێبینی لەوەدا دەکرێ، هەر چونکە جیهازێکی حیزبایەتی ئەوتۆی نییە وەک ڕشتەی دەماری خوێن یان هەستەدەمارەکان (اعصاب) لە بنیاتی کۆمەڵدا تەنیبێتەوە دەستی بەسەر هەموو ورد و درشت ڕاناگات، لێرە و لەوێ، مەودای هەناسەیەک و دەرفەتی حەسانەوەیەک دەمێنێتەوە بۆ خەڵک لە دەرەوەی جغزی دەسەڵاتی دایەرەی ئەمن کەیفێک بکات و چەند سەعاتێک بە خۆشی ڕابوێرێت چونکە دایرەی ئەمن لەو ڕێژیمەدا ناتوانێ وەک ئەمنی سەر بە ئامۆژگاریەکانی حیزب توندوتۆڵ بێت.

یەک لەو خەفەتانەی بینەر سەرەدەری ناکا لێی قوتار بێت ئەوەیە، تێکۆشەرانی جیهانی سێیەم هەموو بەڵایەک و داماوییەک و بەدایەتی و چەپەڵی دنیای خۆیان دەدەنەوە بە فروفێڵ و شەیتانیی ئاشکرا و بزری ئیستیعمار. لە پێشەوە دەڵێم لەعنەتی بەرووودوایی لە خراپەکار و ستەمکار و شاڵاوبەر و داگیرکەر بێت بە کۆن و نوێییەوە و ڕیسوایی بۆ هەموو تاقمە ولاغێکی پێکولی لە غەیری خاکی خۆیدا کردبێت... بتلێنەوە ئەوانەی ڕماندن بە بنیات و دیل کردن بە ئازادی و کفر بە ئیمان گومڕا کردن بە ڕێنموونی لە قەڵەم دەدەن.

دوای ئەم «نعوذ بالله» یە دەڵێم: جۆرێکی ڕق پێدارشتن بوو لە زوڵمی کۆن کە گەلان بەردەوام بوون لەسەر دابرینی ناوی «مستعمر» بەسەر دەوڵەتی ئەوتۆدا هیچ موستەعمەرەی نەمابوو هێندەش لەلایەن گرنگیەوە دابەزیبوو تۆمەتی «استعمار» بۆی دەبووە شانازی وەک بە موفلیسێک بڵێی: پاشای سەعادەتمەئاب.

سەبەبێکی لەمەش بەهێزتر بۆ بەردەوامیی ئەو سیفەتە لەوەدا بوو کە دەوڵەتە خوێڕووەکان بە فێڵوفڕ بۆ داپۆشینی بێچارەیی و تەعلیلی بێهێزییان سەبەبێکی ساختەیان هەڵدەبەست کە ناوی ئیستیعماریان دەهێشتەوە تا وەک ڕست جلە شۆڕاوەکانیانی پێدا شۆڕبکەنەوە. تێکۆشەرانیش، نەک تەنها دەوڵەتەکان، زاراوەی دەرەبەگیان‹٣٨› بە یەدەگ دانا بە نامەی سەبەبێکی مێژوویی بۆ نەزۆک بوونی هەوڵی چاکە لە وڵاتی ئەوتۆ دەرەبەگی تێدا نەمابوو مەگەر دەرەبەگێکی تێکۆشەران و ئەو حکومەتانەی پێشتر دژی دەرەبەگ و پاڵپشتەکانی شۆڕشیان کردبوو، کەبە نیازێکەوە پاشماوەی لێ هێشتبوونەوە. سەرمایەداری‹٣٩› زوڵم لێکراویش خرایە لیستەی دوژمنانی پێشکەوتن لە خەباتی گەلی ئەوتۆدا جارێ سەرمایەی تێدا نەڕسکابوو ئیتر دەیانگوت و دەیاننووسی: بمرێ دەرەبەگایەتی، کە کفن و دەفن کرابوو تێرمەرگیش بووبوو، برمێ سەرمایەداری، جارێ تەنانەت بەسەر پێیانەوە خۆی نەگرتبوو.

لە پێداگرتنی تێکرای چەپ لەسەر وەپاڵدانی ناوی «مستعمر» بۆ ئەو دەوڵەتە کۆنە داگیرکەرانەی یەک بست خاکی غەیریان لە دەستدا نەماوە، وا پێ دەچێ، ئەو ناوەیان لە کۆڵ نابێتەوە مەگەر وەک ئێمە دەست پان بکەنەوە و بڵێن: خێرەومەند، سندووقی سەرت... یاخود شۆڕشێکی پەرگیریان تێدا بەرپابێ تۆز لە دامەنیان بتەکێنێ کە ئەوسا گلەییشی لێ ناکرێ وڵاتی خەڵک داگیر بکات چونکە پێی دەبێتە ڕزگارکەر تا ئەگەر داگیرکەریش لەو وڵاتەدا نەبوو لە خۆیانیان ڕزگار دەکا هەروەک کە ڤێتنام لە کەمبوجیە و ڕووسیا لە ئەفغانستان دەیاکات...‹٤٠› وڵاتێکی وەکوو ژاپۆن شەڕی دۆڕاند و بەندی خرایە سەر لەلایەن چەکەوە و ئەرزی لێ دابڕا و هەر پێی دەڵێن «مستعمر» هەرچەند ماددەی خامی پێویستیشی نییە بۆ سناعەت، تەنها شتێک هەبێ هۆی ناوزڕانی بێ بە وەسفی ئیستیعمار هەر چالاکی

میللەتەکەی و دەستخاوێنییان لە ئیش و ڕژدییان لە وەدەست هێنانی زانست و تەکنەلۆژیایە ئیتر بەس بوو بۆ ئەوەی سیفەتە دزێوەکەی پێوە بندرێت کە شان بە شانی میللەتانی ریزی هەرە پێشەوە، بەڵکوو لە پێشیانەوە بێت شۆڕشێکی چەپڕۆیانەشی نەکردبێت بمرێ ئیستیعمار و برمێ دەرەبەگی پێوە بجێوێتەوە.

چەندم لێ گران هات کە دیتم مرۆیەکی دڵ هۆشیاری نیگافراوانی وەکوو هاوڕێ گۆرباچێڤ لە دووانە سیاسییەکەی دەمی کۆبوونەوەی بیستوحەفتەمی پارتی کۆمیونیستی ڕووسی، بە زمانی لیژنەی ناوەندی حیزبەوە، لە ڕۆژی ٢٥-٢-١٩٨٦ بێ دوودڵی و بێ گومان ژاپۆن بە موستەعمیر دابنێت. ئنجا ئەگەر گوتەی ئەوتۆیی ببێتە عەیارەی چاکە و خراپە و جیهانی سێیەم بەرودووای خۆی پێ بپێوێت لێی حەرام دەبێ ڕۆژەک لە ڕۆژان ببێتە وڵاتێکی وەدەرنێر (مُصَدِّر) دەنا دەبێتە کۆلۆنیالیست.

سەرجوملەی ئەو گوتانەی لە وڵاتە دواکەوتووەکان و لە نێوان ریزی بەرەی چەپ دەبیسن بریتییە لە کاسێتێکی پڕاوپڕ لە خۆ ڕەهاندن‹٤١› چ لە ڕووی تەفسیری پاشکەوتنی خۆیانەوە بێت بە جۆرێک گلەیی بخاتە سەر غەیر چ لەوەش پتر کە دێن هەر پێشکەوتنێک و گەشانەوەیەکی بۆ خزمەتی خۆیان تەرخان نەبێت تاوانباری دەکەن تا ئەگەر مرۆی ژاپۆنی تێروتەسەل بوو لە پیشەسازی و تەکنەلۆژیادا شان بە شانی ئەمەریکا ڕاوەستا دەبێ بە مشتنی خوێنی جیهانی سێیەم بدرێتە دەم یەک لەو تەفسیرانەی تێیدا مەعلان بووین و لە مجێزمان خۆش دێت و ئێستاکە و دوواڕۆژیشمان دەکوژێت و دەبێ بزانین سڕکردنی هەستەدەمارەکانمان، چەندێکیش مەزەدار بێ، بە لۆمەی غەیر چ دادمان نادات لە چارەی گیروگرفتەکانمان، بایی مەودای یەک ئەنگوستیش بەرەو پێشمانەوە نابات، ڕۆژێکی حەسانەوەش نابینین هەتا نەگەینە ڕێکاری هەڵوەستێک کە بتوانین دان بە تاوانباریی خۆماندا بهێنین لەو شتەی تێیدا تاوانبارین و بە ڕەهاندنی خەڵک لەوەی تێیدا بێسووچن.

لە سەردەمی شۆڕشی فرەنسەوە بەر لە دووسەد ساڵێک، تێکۆشەران ئۆگریان گرت بە ڕێز لێنان لە مەنتیقی ناواقیعی و نامومکین و حەزکردن لە گوتەی کشت و وشتی وەک حاڵەتێکی تێیدا دەژیان دیاردەکەش پتر دەوامی کرد لەوەی چاوەڕوان دەکرا هەر چونکە بیردۆزەکان و تێکۆشەرەکان کەمتر بەرپرسی گوزەران و پێگەیاندنی منداڵانن ئیتر کاریان بووە وشە پێوان و دروشم نەخشاندن و نمایشت ڕێکخستن و چالاکیی ئەوتۆ کە مەبەست لێی گۆڕینی ڕێژیمە بە نیازی نۆرە حوکمی خۆیان، تا ئەگەر بوون بە فەرمانڕەوا خافڵاندنی خەڵکیان بە دوژمنایەتی ئیستیعمار و دەرەبەگ و بۆرژوا و یاریدەدەرانی شۆڕشی بەرهەڵستیان‹٤٢› بە مفت زانی بۆ بەردەوامیی خۆیان ئیتر مانی ئیستیعمار لە ئەدەبی سیاسی شۆڕشگێڕ بوو بە پێویستێکی زەرووری هەرچەند سەردەمیشی تێپەڕیبوو ئنجا زیرەکەکانیان بە ساختە «ئیستیعماری نوێ» یان هەڵبەست، ئەمیشیان فێڵێکە تا بڵێی عومر درێژ، لەوانە نییە وەک کۆنە زاراوەی ئیستیعمار لە برەو بکەوێ چونکە بەستراوەتەوە بە هەبوونی دەوڵەتی پێشکەوتووی سنعەت و تەکنیک و زانست سەبەبێکیش نابینی بۆ نەمانی ئەو جۆرە دەوڵەتانە چ موژدەش پەیدا نییە دەوڵەتە فراژییەکان‹٤٣› (جاران پێیان دەگوترا دوواکەوتوو) بگەنە پلەی خۆگری و چەسپان و پێشکەوتن تا پێویستیان نەمێنێ بە هەڵبەستنی داروەکازی وەهمی بۆ ڕاگیرکردنی باڵای لەرزۆکیان. دۆزینەوەی

زاراوەی «شۆڕشی بەردەوام» یش داهێنانێکی زەروری بوو بۆ دەوامەی سەرپەرشتی کردنی یەکسەر لە ئاپۆرەی زەحمەتکێش و هەڵبەستبێژان<٤٤>. زۆریش لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە خۆی بێ ئەرکی ئەم و ئەو خۆی بەردەوام دەکرد. زاراوەی «ئیستیعماری نوێ» ش خەریکە بارتاقەی ئەو بێت لە ڕووی وزەی بەردەوامییەوە. بەم جۆرە بازنەکە بەسەر خۆیدا دادەخرێت: شۆڕشی بەردەوام لە ژوورەوە و ئیستیعماری بەردەوام لە دەرەوە. بە خۆم نییە، ئەو فێڵەی لەو حاڵوبارەدا تێکۆشەر لە میللەتی خۆی دەکات گەمەی «چاوشارکێ» م بە بیردا دەهێنێتەوە، فێڵەکەش بێ کۆتایی و بێ پشووی حەسانەوەیە: ڕۆژووی بێفتارە.

کۆڵۆنیالیزم بە کۆن و نوێیەوە، لە مێشکی تێکۆشەر و ڕێژیمی شۆڕشگێڕ شوێنی شەیتانی ناو عەقیدەی ساغ و سەلیمی سەر بە غەیبی گرتەوە تا بوو بە نەریتێکی سیاسەتی چەپ، چ پێوەندییەکی بە واقیعەوە نەما. وەک دیاریشە، بایی ئەوەی بوونی شتێک بە ڕاستیی زیندووی بەرهەستەوە نەبەسترابێتەوە دەوامیشی پەکی لەسەر شتێک ناکەوێت کە لە زیمنی ئەسڵە سەرچاوەکەی نەبێت، لێرەشدا سەرچاوە خەیاڵگەی تێکۆشەرانی چەپە (نەک حەقیقەتی واقیعی زەق). لەمەدا خەفەتێکی زل بۆ ڕەعیەی عالەمی سێیەم دەرەخسێ: ئەو ڕەعیەتە چاو بەسەر تێری و ئەمینیدا هەڵناهێنێت بەر لەوەی ماوەیەکی درێژ ببڕێت بەسەر شەقامی بێ ساختەی واقیعدا: چ ئومێدێکی نابێ نان لە هەنگوین و سەرتوێ هەڵکێشن بەر لەوەی قاموسە زلەکەی تەماوی و بە هەڵە بەری وشە بسڕێتەوە، ئەمیش مومکین نابێ هەتاکوو چەپایەتی دەست بەسەر شانۆی مێژووی سەردەم و دواڕۆژدا بگرێت، دەست بەسەردا گرتنەکەش تەواو نابێ مەگەر بەرەی چەپ لە خۆوە واز لە نەریتی سیاسی خۆی بهێنێ بۆ ژیانێکی بێ «طقوس» و دارنینی بەرگی قودسییەت لە ئەدەبیات و دروشمەکان و مەفهوومەکانی بەڵکوو ببنە چشتی بەشەری کە هەڵەبوون هەڵدەگرێت و داوای ڕاستکردنەوەش دەکات: ئەگەر قبووڵ بکەین لە شاعیری میسری، لە ئاست کوژرانی بەرپرسێکی ئینگلیز کە لە تۆڵەیدا سەدان هەزار «جنیە» لە خەڵکی میسر ستێنرا ئەم دێڕە شیعرە بڵێ:

قتل شخص فی غابة جریمة لا تغتفر

ونهب شعب امن مسألة فیها نظر

بەو پێیە، دەبێتە پێداویستێکی ئینسانی کە کوشتنی هەزاران کەس لە خەڵکی «حەما» بە دەستی هێزی ئەمنی سووریە تاوانبار بکرێت، هەر لە بیریشمانە، داگیرکەری فرەنسەیی لەسەر تۆپبارانی شام و کوژرانی چەند کەسێک بە توندی تاوانبار کرا، ڕەنگە کوژراوانی شام لە پەنجایەکی هی حەمای تێنەپەڕاندبێت:

بەڵێ دەبێ داگیرکەر وەک لێی دەوەشێتەوە ڕیسوا بکرێت، بەڵام ڕاستە و هەزارجاریش ڕاستە کوشتنی خەڵک و کاول کردنیماڵەکەی نابێتە هەنگوین و شەکر هەر چونکە بە دەستی حکومەتی خۆی ڕووی داوە، زوڵمیش هەر زوڵمە چ دوژمن بیکات چ دۆست. دە کەسی کوژراویش ئازاربەخشترە لە تاکێک، پیاوکوژەکە کێ دەبێ با ببێ. گەلان ڕانەمەڕ نین تا ئەگەر گورگ یەکێکی لێ خواردن مەینەت بێت

و ئەگەر هەزاریشی لێ ڕۆیی بۆ بازاڕی گۆشت و بۆ سەربڕین ببێتە مامڵەتی سوودبەخش. لەلایەن دەلالەتەوە فەرقێک نییە لە نێوان کوژرانی کرێکارێک لە نمایشتی بەسرەی ساڵی ١٩٥٤ و دووای شۆڕشی تەمووز بوو بەهۆی ئیعدامی وەزیرێکی‹٤٥› سەردەمی ملووکیەت و لە نێوان داپەڵۆسینی کۆمەڵێک لە کرێکاری جگەرە پاش دوو ساڵ‹٤٦› لە بەرپابوونی شۆڕش.

ئەگەر فەرقیش هەبێ لە دوو لایەنەوەیە: یەکیان ئەوەیە، شۆڕش بەرپا بوو هەتا کرێکار لە بری داواکردنی «ماف» نەکوژرێت نەک خوێنی پامال بێت. دووەمیان ئەوەیە، کوژرانی کرێکارێک کەمتر تاوانبارە لە کوشتنی کۆمەڵێ کرێکاران. فەرقێکی بەرحیسابیش لەوەدایە کە حاڵوباری نمایشت پتری بە بەرەوەیە قوربانی تێدا بێت لەچاو حاڵەتی مانگرتن لە چوار دیوارەی مەعمەلدا.

من نامەوێ لە خۆڕایی شتێکی نارەوای بەر لە شۆڕش برەهێنم. من دەمەوێ وێنەیەکی خۆڕەهاندنی چەپ کە لە شۆڕشی فڕەنسەوە برەوی ستاند بهێنمە بەرچاو، دەرگاکەشی وەها کرایەوە لە سنووری مەعقوول و نامەعقوولی تێپەڕاند تا گەییشتە ڕەوا دیتنی برادەری بەرەی یەکگرتووی دوێنێ و، ئنجا، لەناوبردنی دۆستی ئەمڕۆکەش بە بەهانەی حازر بەدەست کە هەرە شیرنی تاڵە و هەرە جوانی نافڕەجایە.

جلک هەڵخستن لەسەر ڕستی ئیستیعمار، یاخود غەیری ئەو جگە لەوەی نیشانەی کاڵوکرچی هۆشی سیاسییە زینهارێکیشە بۆ کوتەکوتی میللەتان بەسەر ڕێگوزەری مێژوودا، کە بیدەیتە بەر لێکدانەوەیەکی بەدیهیش، وەک ئەوەیە بڕیار بدەیت زەمان لە شەستەکانەوە بێ جووڵە وەستا بێت چونکە ئەو ساڵانە دووایین تەمەنی ئیستیعمار بوون.

ڕاستییەکەی، دەشێ شەڕی دووەم دابندرێ بەو دووایینە چونکە مەعلووم بوو ئیستیعماری فڕەنسەیی، پاش دۆڕاندنی شەڕی ١٩٤٠، ئەستێرەی لە ئاوا بوونی بێ دەمەتەقەدایە، ئیستیعماری بریتانیش بە بەریەوە نەما خۆ بسەپێنێ بەسەر کێشەیەکی زلی وەکوو هینددا، لێکتر دووری موستەعمەرەکانیشی لە ڕۆژگاری وەها بێئۆقرەدا، زۆر نابات، گیانی گەلی بریتانیا دەکێشێت کە خۆی کەنفتی شەڕ بوو.

بەو پێیە ساڵەکانی دووای شەڕ پشووی ڕووح کێشانی ئەو ئیستیعمارە بوو کە تا ئەوان نزیکانەش ڕۆژ ئاوا نەدەبوو لە خاکی. شەڕی «عدوان ثلاثي» ش بوو بە ئاخر پڵتەی چراکەی کە هەرگیز هەڵنەبۆوە. هەرچی دەوڵەتەکانی «محور» بوون دۆڕاندنی شەڕیان لزومی نەهێشت باسی بەسەرچوونی دەسەڵاتیان بکەین. لەگەڵ ئەمەشدا دەشێ لە شێوەی لێکدانەوە بڵێین، لەوانەبوو ئیستیعمار ماوەیەکی دیکەش بژیت ئەگەر میحوەریەکان شەڕیان لە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەلات (ڕووسیا) بردبایەوە چونکە هەموو سەرکەوتنێکی زل تایبەتە، تەوژمێکی هەیە تەمەنی سەرکەوتوو درێژ دەکاتەوە چ جایی سەرکەوتنی دەوڵەتی تازە تەمەنی گەرموگوڕ و ئیشتیها ساف، بە دووایانەوە ئاپۆرەی حەپەساوی قارەمانەتی ورووژاو هەن کە داغداریشن لە تێشکاوەکان.

کەسیش نازانێ شکڵی دنیا لە سێبەری سەرکەوتنی میحوەردا چۆن دەبوو یان کەنگی تەقەڵی دروومانی نێوان دەوڵەتەکانی هەڵدەوەشایەوە و چەرخی ڕق و بێئۆقرەیی سەرجەمی مرۆڤایەتی

چۆناوچۆنی بەسەر تازە میراتگراندا دەسووڕایەوە. بە هەمەحاڵ مێژوو خەڵکی حەساندەوە لە ئەزبەر کردنی رووپەڕەیەکی نوێ لە داستانی گەلان کە بە خۆیان و غەیرەوە خەریکن، واش دێتە دڵەوە کە تەجرەبەی ژێردەستان لەگەڵ فاشیزم بە ئەرکتر دەبوو.

سەرلەبەری ئەو قسانەش جۆرێکە لە ئەستێرەخوێنی و بەردی ڕەشاوێژ<٤٧> هەرچەند لەسەر بنگەی لەباری پێوانە و ئاکامگری (استنتاج) هەڵنراوون. هەرچۆنێک بێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دووای شەڕەوە بوو بە هێزی هەرەزلی ئابووری و سیاسی کە شوێنی تۆقەڵەی گرتەوە لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی پێڕەوی ڕێژیمی ئازادیی هەوڵی تاکیان کرد لە جغزی ئەو پێداویستە ناچارییانەی کە مۆرکی خۆیان لە چەندوچۆنیی ئەو ئازادییە دەدەن، لە بەرانبەردا هێزە زلەکەی تر، رووسیای سۆڤێتی، وەک دەستە تەرازووی لەنگەر ڕاگر وەستا، کە لە بنەڕەتدا لە مەفهوومی «نقض» ی سەرلەبەری سیاسەت و ئابووری و بیروباوەڕێکی لە جیهاندا بە برەو بوو، بەڵام ئەویش بە نۆرەی خۆی سەری شۆڕ کرد بۆ زەروورەت بە پێچەوانەی مەنتیقی پەیدا بوونی لەساڵی ١٩١٧ چونکە هەرگیز حاڵوباری مرۆ هەر لە عەقیدەوە هەتا گەپی منداڵ بە تەنها دوو ڕەنگی «ڕەش و سپی» ڕەنگ نەکراوە و ناکرێ، با مرۆی قیچکە تەنگ و سەرسەختیش جۆرێکی دیکە بیر بکاتەوە.

USA ئەلاسکای هەیە دراو خریدەیە لە ڕووسیای دەمی قەیسەرەوە، هەروەهاش چەند زەویەکی دیکەی کڕیارییە، بەڵام بە سەروەتە بێسنوورەکەی باشترین بەهانەی داوە بۆ ساختەگەری لە هەڵنانی زاراوەی ئیستیعماری نوێ، خۆیشی لە سیاسەتدا هێندە گێلە فاکتەرێکی ڕەخساند بە پاڵپشت بۆ زاراوەکە تا بە گەرم و گوڕی و بە تاموشامەوە لە دەست و زاراندا بەردەوام بێت تا ئەوەی کۆنە وەزیرێکی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا «دین ئەچیسن» لە کتێبی Power and Diplomacy دەڵێ موشکیلەی ڕۆژئاواییەکان لەوەدایە کە ئەمەریکا هێزی هەیە و نەشارەزایە بریتانیاش شارەزایە و بێهێزە، ئەم قسانەش سەرلەبەری پەراوێزن بە دەوری ڕاستیەکی گرنگی سەر بە ئیستیعماری نوێ کە لە گۆشەی حەقیقەتی بێلایەن و گۆشەی بەرژەوەندی جیهانی سێیەمەوە سەیر بکرێت: نە نهێنییەک ئاشکرا دەکەم و نە گوناهیش بە ئەستۆوە دەگرم کە بڵێم ئەم ئیستیعمارە نوێیە بەلای زۆرینەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە خۆشەویستترە لە حوکمی رووسەکان چونکە کێشەیان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیتدا تێهەڵکێش بووە و مێژووشیان لەسەرچاوەی دڕدۆنگی نەک دۆستایەتی لەگەڵ رووسانەوە سەرەژێر بۆتەوە.

لە جیهانی سێیەمیشدا بارەکە پێچەوانەیە چونکە کێشەیان لەگەڵ رووسدا نییە بەڵکوو لەوەدا کە رووس هێزی لەنگەر ڕاگرە بەرانبەر هێزی ڕۆژاوا دەرفەتی هەناسە و یاریدەی دۆستێک دەبینن بۆ بزووتنەوە و مناوەرە و مامەلە کردن لە ئاست کێشەی دێرینیان لەگەڵ ڕۆژاوادا، لزومیش نییە بەبەر وردیاتی ئەم خەریتەیەوە بنیشم لە ڕوودانی شتێک کە لە قاعیدەکە دەردەچێت و دڵشکستەییەکی چاوەڕوان نەکراوی لێ پەیدا بێت (بۆ دۆست) ئیتر بە کورتی دەڵێم ئەگەر فەرمانی سەرلەبەری واقیعی هەردوو مەیدانان نەبێت نەتدەدیت باتریس لۆمۆمبا وا بێباکانە مەتلەبێکی زەحمەت بە زێدە ئاسان دابنێت ئەگەر تامەزرۆ نەبووایە بۆ دەرچوون لە هەموو بەندێک و بۆ کڕینەوەی کەرامەت بە وەشاندنی دوو زللە لە بری زللەیەک، نەشتدەدیت میللەتی پۆڵۆنیا دووای ئیعلانی چل ساڵەیی ئیلحاد و دەسەڵاتی

کۆمیونیزمی دۆست بە ڕووس سەجدە بۆ پاپا ببات. ئنجا ئەگەر ماجەرای ساڵی ١٩٥٦ لە «عدوان ثلاثي» لەلایەن ڕۆژاواوە بۆ سەر میسر و داگیر کردنی مەجەر لە لایەن ڕووسەوە بخەیتە سەر ئەم نموونانە دەشێ وێنەیەکی بێلایەن و دڕدۆنگی نەخشەکێش بکەین بۆ تێکەڵ بوونی فاکتەری زاتی لەگەڵ فاکتەری بابەتەکی لە سازدانی بیروڕادا: هەرچی جیهانی سێیەم بوو، یەک دەنگ، پرکێشیە سێ قۆڵیەکەیان تاوانبار دەکرد کەچی زۆر دەنگی تێدا بەرز دەبۆوە بۆ ڕەهاندنی ماجەرای مەجەر، لە هەموو ئەوروپای ڕۆژهەلاتیشدا دەرفەت نەبوو تاکە دەنگ دەرچێت مەگەر دەنگی ڕەسمی کە دەستی بەسەر هەموو وەسیلەی ڕاگەیاندندا گرتووە. مایەوە ئەو بێئۆقرەییە کە بە خەڵکەوە دیار بوو، ئەویش بە حوکمی یاسا و دەسەڵاتی جیهازی ئەمن خەفە کرابوو.

تاوانبارکردنی بێگانە، چ پێی بگوترێ ئیستیعماری نوێ یاخود تەماعکار و بەهەڵەبەر، لەو ڕووداوانەی دەکەونە پەراوێزی ئیرادەی جیهانی سێیەمەوە، ئەو تاوانبارکردنە ڕاست و ڕەوایە ئەگەر بەکارهاتبێت لە ڕووداوی واقیعی هەڵنەبەستراو، دەشبێتە خۆگومڕاکردن، بە زۆریش ڕوو دەدات، ئەگەر بۆ ڕەهاندن و هۆکاریی تێشکانی خۆی بێت.

لێرەدا زەرەر ناکەین ئەگەر ببیلەی چاو بکەینەوە بایی دیتن لە تاریکاییدا چونکە تەمی خۆڕەهاندن و تاوانبارکردنی غەیر لەوانەیە ڕوونبینی بە چاوی عادەتی تێیدا بە زەحمەت بکەوێ، ئنجا بۆ ئەوەی لە مامڵەتی سیاسی و ئابووری وەیا هەر مەیدانێکی دیکە بێ کە مرۆ تێیدا بە مرۆ دەگات، چاو دروست و ڕوون بێ، پێویستە بینەر کە خۆی تەرەفدار یاخود پێوەندار بوو لە هەر مامڵەیەکدا، خۆی بخاتە شوێنی لایەنەکەی دیکە تا بزانێ لەو بارەدا چی دەکرد. دەشێ لەو پێوەرەدا‹٤٨› ڕەفتاری لایەنەکەی دیکە عادەتی و مەقبوولی بزانێ، بگرە لە مەقبول بەولاوە بۆ سەخاوەت و زێدە ڕاستییەوەی ببات لەچاو ئەوەی خۆی لە هەمان زەرفدا بیکات، گومانیش لەوەدا نییە کە ڕەفتاری مرۆ بە پێی پلەی ژیاری مەقبووڵ دەبێت چونکە لەماوەی سەد ساڵ لە تەمەنی خۆی و باوک و باپیری ئۆگرگرتووی ڕەفتارێک دەبێ پێوەری ژیار دەیسەلمێنێ، بێ هەناسەسواری، وەک کە شارنشین لە چاو گوندنشینی وڵاتی خۆمان پتر لە خەمی پاگژیی ماڵەکەی دەبێت یاخود شاردنەوەی داهات بە نیازی کەم کردنەوەی داهاتانە‹٤٩› کارێکی زێدە دەگمەنە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کەچی لە جیهانی سێیەم بەرتیلیشی بۆ بەکاردێت.

ئەوانەی گلەیی دەکەن لە دەوڵەتەکانی باکوور کە سەخی نین لەگەڵ دەوڵەتەکانی باشوور با بیر بکەنەوە لە دەوڵەتە نەوتاویەکان کە زۆربەیان سەر بە جیهانی سێیەمن هەرگیز هەژاریی برسییەکانیان تێنەخوێندۆتەوە کە هەلپەرستانە نرخی بەرمیلێک نەوتیان گەیاندە سی دۆلار و پتریش، بەلام پێوانەیەکی لەوە وردتر هەیە بۆ نرخاندنی هەڵوەست لە چەند مەیدانێکی یەک وڵاتدا: بە پێی دواکەوتوویی، هەستی بەرپرسایەتی تێیدا سڕ دەبێ و فروفێڵی خۆدزینەوە لە واجیب فرەجۆرتر دەبێ... لایەنگیری و نەیاری دەبێتە دەستوورێکی گشتی تا ئەوەی سەرۆکی یەک لەو دەوڵەتانە لە بارەی بروەستاندنی بەرتیل تێیدا قسەی لەگەڵدا کرا تا ئەوەی گوترا دیپلۆماسیشی گرتۆتەوە. لە وەرامدا گوتبووی: ئاگادارم بەلام لێی بە دەنگ نایەم چونکە ئەوتۆیی ئیش بێتەگەرەتر دەڕوات... سەیری مامەلە کردنی سیاسییەکانی ئەو وڵاتە دوواکەوتووانە بکە لەگەڵ یەکتردا و لیستە بگرەوە بە ژمارەی ئینقیلاب و یاغی بوونی تێشکاو و

سەرکەوتوو کە وەک قەزای ناگەهان بەسەر ڕەعیەدا دەباریت... چاوێک ببڕە یەکیەتیی ئەفەریقا، بە ڕوحکێشان بەرنامەی کۆبونەوەیان ئیمزا دەکرێ... سەیر و سەمەرە دەبیەن لە دابەشینی شەیتانانەی ئەو خێر و سەدەقەی لە دەوڵەتە تێرەکانەوە بۆ وڵاتی قاتی تێکەوتوو دەچێت و دەبێتە تاڵان (بۆ زۆرداران) تا ئەوەی لە حاڵەتی مەیلەو چاکدا پاروو ناگاتە دەمی برسی بێ ئەوەی نرخێکی لە بیروڕا و پاشماوەیەکی مرۆڤایەتییەکەی ژمارد بێ.

ئادەمیزادی جیهانی سێیەم لەوەتەی پێنج هەزار ساڵەوە دەلەرزێ لە ترسی پۆلیس و هەر کەسێکی ئەستێرە و نیشان بەسەر سینگ و دوو شانیەوە بریقەی بێت. هەر لە بوونی هەتا مردنی، پێشەکی، لە لایەن حکومەتەوە داغی خیانەتی لێ دراوە، بەو داغەوە دەچیتەوە پزدانی دایکی نیشتمان. بە هەموو عومرم تەجرەبەی هۆش کرایەوەم ئەوە بووە کە سەر بە دایەرەیەکی حکومەتدا نەگرم ئەگەر دۆستێکم تێدا شک نەبردبێت بمپارێزێ لەو تەرزە هەڵکەوتانەی بە عادەت دێنە بەر موراجیع و ماف و ئەرک و حورمەتیان تێدا پامال دەبێ چونکە دەزانم، وەک هاونیشتمانی، چەند بێدەسەڵاتم... چ دەسبەتاڵێکم لە هێزی قانوونێک پێوەی ڕووبەڕووی بچووکترین مەئموور و پۆلیسێکی پێپلیکەی هەرەژێر کە بیەوێ مەزاق وەیا خۆ نەناس بکات و ناز و فیز بفرۆشێت.

پێی ناوێ بڵێم، هەر پێکەوتنەوەیەک لە نێوان موراجیع و مەئمووردا ڕوو بدات سەد جار لەسەر موراجیع حیساب دەکرێ بە دەستدرێژی لە مەئمووری دەمی دەوامی ڕەسمی بەر لەوەی یەک جار لە سەر مەئموور حیساب بکرێت بە دەرچوون لە سنووری دەسەڵاتی قانوونی، قسەش لەم بووارەوە بە پانایی جیهانی سێیەم درێژخایێنی بێکۆتاییە، نووسەریش چەندێکی لە هێزی ڕەوانبێژی و قەشەنگی شێوازەکەی ڕاببینێت ڕێ بە قەڵەمەکەی نادات پێمەلە لە وێنە هەرە دزێوەکانی دەعیە، لە لایەکەوە و سەرکزەڵەییش لە لایەکی دیکەوە بکات لەو جیهانی پان و نەخۆشی «سێیەم» دا، عەرەب گوتەنی «اللبيب تكفيه الاشارة– ئەوەی کەسە ئەلفێکی بەسە»:

فكان ما كان مما لست اذكره
فظن خيرا ولا تسال عن الخبر

«چی بوو بوو لەوەی نایەتە گوتن. گومان پاک بە و لێ مەپرسەوە».

جۆرەهای لەوجرِی و کەودەنی فش هەڵمانی کەرانە و شێتانەی کە لە هەموو ڕێکارێکی جیهانی سێیەمماندا دەقەومێت لەو بابەتە سووک و چرووکانەیە کە هەر لەو تەبیاتانە زەنە دەکەن پێی ڕاهاتوون و ئۆگریان پێوەی گرتووە، هیچ مومکین نییە ئیستیعمار لە بنی دنیاوە بار و بینگە هەڵبەستێت بۆ ساختەکاری ئەوتۆ هێند ڕەجاڵ و چەپەڵە هەرچی پلانی ئەو خەڵقەی جیهازی زانستی نوێ بەکاردەهێنن لە ناوتوێژبینی‹٥٠› و ڕێنموونی ڕێکخستن، هەمووی پەکخستە دەکات و ناشێ لەگەڵ «عیدی ئەمین» ێکدا تێک بگەن، ئنجا ئێمە کە دێین شلەژانی پێوەندیی نێوان دوو حیزب و دوو لایەن و دوو دەوڵەت لەسەر کەمچیزەترین شتێک وەپاڵ فێڵی ئیستیعمار و خیتخیتەی بێگانە دەدەین، لەوەدا خاتری خۆمان

دەگرین وەک بلێی ئێمە حۆجە بین یەکێک بێ خرتوپرت بهاوێتە دلمانەوە و هەستی زگماکمان گومڕا بکات هەتا دەست بدەینە کاری هەرە گلاو و هەرە دوور لە مرۆڤایەتی و هەرە بەتاڵ لە سوود و بەرژەوەند. قسە ڕۆیشتووانی جیهانی سێیەم لەوەتەی هەن قاڵبیان بەستووە بە خەفە کردنی دەنگی بەرهەڵستی کردن لە کرداریان یاخود دەنگی داواکردنی قانوونی دادگوزار ئیتر چ پێویست هەیە بێگانە بێت و جیهانەکەمان فێری فەندی خەفە کردن و ساختەکاری بکات بە نیازی هەڵنانی دنیایەک ورتەی ناڕەزامەندیی لێوە نەیەت؟ ئێمە تا ڕادەی خنکان وەتەنگ دێین کە دەبینین میللەتان هەن بەسەر ڕووی زەوییەوە مافی خۆ ڕوونکردنەوەیان هەیە، خۆ ئەگەر دەستمان بیانگەییشتبایە هەناسەمان لێ دەبڕین. ڕۆژنامە و کروتەونی<٥١> بڵاوکردنەوەکانمان لێ دادەخستن و دڵ و هۆشیانمان پاک دەشووشتەوە لە مەیلی ئازادی و سووربوون لەسەری نەکا پرووشکێک پێیانەوە بۆمان بپەڕێتەوە هەندێک پووش و پەڵاشی ڕەق هەڵاتنمان بەسەر چپاندن و مەنع کردن و بێ بەش کردن بە دەورمانەوە بسووتێنێ.

سەیر نییە ئەگەر حیکایەتی ئازادی لە جیهانی سێیەم ببێتە مەینەتی ژیانی لە سەردەمی کارەبا و ئاتۆم و ئاسمانگەردی چونکە لەم ڕۆژگارە تازانەدا گوێبیست بوو دنیا شتێکی تێدایە پێی دەڵێن ئازادیی ڕەفتار و ئازادییخواز و ئازادیی ڕەفز کە پێشتر خەبەری لێی نەبوو، وێنەیەکی لە زەینیدا نەقشی نەبەستبوو، خەریکیش نەبوو لە نوێوە دایبهێنێ هەتا بەر لە دووسەد ساڵێک، بە تایبەتی لە شۆڕشی فرەنسەوە، مەفهوومەکانیان بە دنیادا بڵاوبۆوە جووڵەشیان بەرەو هەرێمی جیهانی سێیەم کز و تەنبەڵ بوو. زەمانەها وەخرا بەر لەوەی ترووسکەی بچێتە هۆشی کەمینەی «ڕۆشنبیر»ی زێدە دەگمەنی هەرە بژاردەکان. قەتیش نەلوا ببێتە زادێکی هۆشەکیی ئاپۆرەی خەڵک.

ئازادی، بە مەفهوومی نوێ، ڕەگی نییە لە جیهانی سێیەمدا: هەرگیز ڕێژیمێکی تێدا پەیدا نەبوو بە دەم ڕۆژگارەوە و لە چارچێوەی بەرنامە و قانووندا ویستبێتی پەی ببا بە ئارەزۆ و بیروڕای ڕەعیەت لە هیچ کاروبارێکدا چ بچووکی چ زلی. کەسیش لەو خەڵکەی بیری نەکردۆتەوە لە دۆزینەوەی وەسیلەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕا خەڵکەکە خۆیشی لە بارێکی کۆمەڵایەتی وەهادا نەبوو بیخاتە سەر تێفکرین لە «ئازادی – لیبەڕالیزم» تا ئەگەر بلێمەتێک پێشنیازی بەکارهێنانی ئازادیی تازەبابەتی بۆ کردبانایە پێوەی دەحەپەسان.

لێرەدا بواری قسە دەرفەت نادا بەبەر شیتەڵ کردنی واقیعی مێژوویی ئەوروپاوە بنیشین کە وێنە مرۆی وەک مۆنتسیکیۆ و ڤۆلتێر و رووسۆی کردە داواکاری فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بوون بەسەرچاوەی ئەندێشە لە بەرپابوونی شۆڕشی فرەنسە<٥٢> ئنجا لە ڕێی قیاسەوە تێبگەین بۆچی ڕۆژهەڵات کەسی وەک ئەوانی نەهێنا و پێیان ئاووس نەبوو، هەر ئەوەندەی تێدا بە کافی دەزانم کە بڵێم ئەوپەڕی تەما و ئومێدی جیهانی سێیەم بە داد و ئەمان هەر ئەوە بوو کە حاکم و دەسەڵاتدار پێڕەوی لە قانوونی ئاسمانی و مرۆساز بکەن، ببڕای ببڕای ڕێکخراوی حیزبی ئەوتۆی تێدا نەڕەخسا لەسەر بنەمای باوەڕی سیاسی دنیایی خەڵکێک کۆبکاتەوە هاوبیر بن لەوەی پێی دەڵێن بەرژەوەند.

قسەش لەو بابەتەوە بێ کۆتاییە، پێویست نابینم بچمە ناو دەراوی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی وەک باطنی و خووڕڕەمیی کە بە ڕواڵەت شێوەیەکی وەک ڕێکخراوی حیزبیی ئەوروپایان پێوەیە، هەر

ئەوەندەیان تێدا دەڵێم کە ئەم بزووتنەوانە حاڵوباری تایبەت بە خۆیانەوەیان هەبوو چ پێوەندییان نەبوو بە باوەڕی سیاسی دەرگە لە ڕووی «تاک» بکاتەوە تا دەرباز بێ لەو کۆت و بەندەی دوور لە قەناعەتیەوە بە سەریدا دەسەپا.

لە هەموو مێژووی کۆندا جیهانی سێیەم ئاشنا نەبوو لەگەڵ بانگەوازێک سوور بێ لەسەر ئازادیی بیروباوەڕ، هەرگیزیش دەنگێکی نەبیست بۆ گۆڕینی حکومەت لە ڕێی «استفتا» وە. لەمانە تێدەپەڕم، سەبەب بە تەنگەبەری دەرفەت، و دەڵێم: گەلانی جیهانی سێیەم لە سەردەمی کارەبا و ئاتۆمدا تووشی خەفەتی نەبوونی ئازادی هات بێ ئەوەی پاشخانێکی مێژوویی لەبەکارهێنانی ئازادی هەبێت بە جۆرێک لێی بوەشێتەوە بەرنامەیەکی پاراستنی بۆ نەخشەکێش بکات، چ بیروباوەڕێکی سەر بە دیمۆکراسی و ئازادیی سیاسییەوە هەبێت لەگەڵ ئیستیعماری ئەوروپادا بۆی هات، فەرقێکی ئەوتۆش نابینین لە نێوان وەرگرتنی ئەو بیروباوەڕانە و لە بەخێرهێنانی گەڕۆک و فرۆک لەو ڕووەوە کە ڕەفتاری لەگەڵ هەردوویاندا تا بڵێی بە دریغ و نا بەدڵ بوو، لەوەشدا تێبینی دەکرێ کە سواربوونی شەمەندەفەر ئاسانترە لە دانیشتن بە دەوری مێزی خواردەمەنییەوە بە خۆی و بە ئاداب و بە نەریتیەوە، ئەمیشیان ئاسانترە تا گونجان لەگەڵ فکر و ڕاهاتن لە خووگرتن بە سیفەتی چاولێکەرانە هەتا بە لایەوە وەک سیفەت و غەریزەی زگماک ئاسان دەبێ.

دەبینین ڕۆژهەڵاتی کە تەقلیدی ڕۆژاوایی دەکات لە حیزبایەتی و بانگەوازی ئازادی و مافێکی لێیانەوە بۆی دەکەوێتەوە و بەرپرسایەتیەکی دەیخەنە ئەستۆیەوە تا بڵێی سەغڵەت دەبێ بە دەست گونجاندنی ئارەزووە دەروونیەکانی کە بە ئەسڵ ئەو جۆرە ئیلتیزامەیان تێدا نییە لەگەڵ پێداویستییەکانی حیزبایەتی و لیبەڕالیزم و ئازادی کە مرۆ بە پێی قاڵبی خۆی لە قاڵبیان دەدات، وەک کەسێکی تەنگ هەڵبێت بە جلکێکی تەسک و ترووسک.

بۆ زێدە ڕوون کردنەوە دەڵێم بە دەگمەنێکی دەگمەن دیتوومە فەرمانبەرێکی ڕۆژهەڵاتی خەیاڵی کردبێتەوە لەوەدا بە پێی داخوازیی قانوون و کۆمەڵایەتی پەسەند فەرمانی سەرشانی جێ بە جێ بکات، لە باشترین حاڵدا وەزیفە [بە لای ڕۆژهەڵاتییەوە] هۆی بژێوێکی حەڵاڵە، بە پێی عادەتیش دەرگایەکی فەڕاحی گردوکۆییە لەسەر حیسابی موراجیعان، ئەمما وەزیفە بە لای ڕۆژهەڵاتییەوە ئاوێنەیەک بێ لە داهاتی حەڵاڵ و خزمەتی کۆمەڵ شتێکە ئەگەر یەکجارەکیش نامەوجوود نەبێ، بێگومان، لە ئیکسیر دەگمەنترە.

ئەگەر ڕوونکردنەوەی تەسەلترت دەوێ واز لە وەزیفە و حیزبایەتی و جانفیدایی بۆ ئازادی دەهێنم و بەقاڵێکی عێراقی بە بەقاڵێکی دانمارکی دەگرم کە کەسبیان هەوڵێکی زاتییە بۆ بەرژەوەندێکی زاتی پەکی لەسەر تانووت لە خۆدان و نەفس کپ کردن و حەز کوشتن نەکەوتووە هەتا تێیدا دەستخاوێن بێ، دەبینی فەرق لە نێوانیاندا دەگاتە پلەی شێوەن بۆ کردن، ناشچمە بن باری وردیاتی ئەو فەرقەوە بەڵکوو شاڵڵا بە ڕێکەوت سەردانێکی ئەو وڵاتە دەکەیت و دەبینی فەرقی نێوان تاریکی و ڕووناکی، جوانی و دزێوی چەند و چۆنە. ئنجا ئەگەر جیهانی سێیەم لە پێوانەدا گوێ نەداتە کیلۆ و حوقە و دڵیشی نەکرابێتەوە بۆ وەزیفەی بێ خوارەکە و خێچکە، تۆ بڵێ ئەو ئازادییە و لیبەڕالیزمە و حیزبایەتییە بە

لایەوە چەند پاک و پیرۆز بێ تا خۆی تێدا شەهید بکات و ببێتە مۆم بۆ غەیر شۆق بداتەوە. ئایا دەشێ لە کێشی کاڵەک بدزم و لە لیبەڕالیزمدا هەڵبژێرێک و بژاردەیەک و ناو ناوەش، وەزیرێکی ڕاست و دروست بم؟ یاخود لە خۆوە واز دەهێنم لە یەکەمینایەتی و سەرۆکایەتیی حیزب و حکومەت، منێکی ڕاهاتووبم لە دزینی دە گرام کاڵەک کە بۆ کڕیاری هەڵدەکێشم؟ «هیهات هیهات لما توعدون»<٥٣> هەرچۆنێک بێت و بێ قووڵ بوونەوە لە هۆی دیاردەی سەلبی لە عادەت بەدەری خووە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی سێیەم دەشێ سادە و ساکار وەک سادەیی ئەو حەقیقەتەی لێی دەدوێم بڵێم: گەلانی جیهانەکەمان لە کۆندا هەستی نەکردووە بە نەبوونی ئازادی هەتا ڕۆژگارانی نوێ چونکە فکرەی ئازادییەکە پەیدا نەبوو بوو<٥٤> تا ئەگەر بەر لە دوو سەد ساڵێک داوات لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکردایە ئازادیی سیاسی خۆیان بەکاربهێنن لە کاروباری عمومیدا لێت وڕ دەبوون چونکە داواکەت چ مەعنای نەدەبەخشی لەبەر نەبوونی چ مەیدانێک ئازادیی ئیرادەی تێدا بەکاربهێنرێت: هیچ تاکیان خەیاڵی واتای ئازادییان بە بیردا نەدەهات مەگەر ئەو واتا عەکسییەی لە کۆیلەیی بەدەر دەداتەوە تا ئەوەی قسە گەشەکەی خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب): چۆن خەڵکتان کردە کۆیلە کە دایکەکانیان بە ئازادی هێناویاننەتە دنیا؟ ئا ئەم گوتەیە بە ئازادکردنی عەبد لە عەبدایەتی دەبڕایەوە.

لە سەرەتاکانی عومرمدا هەرێمی بەرینم لەم عێراقە دەدیت هەستی بە ڕۆژنامە نەدەکرد وەک بەو قەسەڵەی دەکرد کە بزنەکەی پێی دەلەوەڕا، شاریشم دەدیت نەیدەپرسی جەریدە هاتووە یا نەهاتووە باکیشی نەبوو بەوەی لە بەغدا ڕوو دەدات، بوون و نەبوونی پەرلەمانیشی بەلاوە وەک یەک بوو. زۆر قەزا لە مانگ و دوو مانگادا جەریدەیەکی نە دەخوێندەوە و زۆربەی خەڵک ناشناسی هەواری «صحافة» بوون تا ئەگەر ڕۆژنامەیەکت دابانێ لێیان وەرنەدەگرتیت چونکە خوێندەوار نەبوون، ئەگەر بۆت خوێندبانەوە تێی نەدەگەیشتن. بۆت شەرح دابان گوێییان پێ نەدەبزووت. ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری لە ژیانی واندا، بە تێکڕایی، وەک دووان لەبارەی شانۆگەرییەوە ئەنتیکە بوو کە هەرگیز لە هەرێمیاندا نەزابوو. دەیان هەزاری ئەو خەڵکە سبەینان خەبەریان دەبۆوە و بە ڕۆژ خەریکی گوزەران دەبوون و سەر لە ئێوارەی شەودا دەخزانە خەوگەکانیانەوە بێ ئەوەی ببڕای ببڕای تووشی شتێک بێن مەفهوومی ئازادییان لە لا بە خەبەر بهێنێ یا خەیاڵیش بێت.

بەڵێ ڕاستە تا بڵێی نەداربوون و ئەرکی قورسی کێشەی ژیانیان هەڵدەگرت بەڵام تا بڵێی دوور لە فکرەی لیبەڕالیزم و چی لەو بابەتە بێت، گومان نابەم تا ئێستاکەش بە ڕوونی زانیبێتی پێوەندایەتی خۆراکی و چارەنووسی ژیانی و دواڕۆژی منداڵانی بە هەڵبژاردن و ملانێی لایەنە جوداکان لەسەر حوکم چییە... ئەوسا هەرچەند نەیدەزانی سیاسەت مانای چییە ئەمما هەر کارێکی حکومەتی گۆڕانێکی بەسەر دەقی ژیانیدا هێنابایە بە لایەوە لە حەرام حەرامتر بوو چونکە لێی سوور بوو هەرچی حکومەت داوای بکات ناشێ بەرژەوەندێکی گشتی پێوە بێت.

ئەمە بوو وێنەی تابلۆی کۆمەڵایەتی سیاسی کە خەڵک لە سێبەریدا دەژیا ڕۆژێکی چاوی بینام لە دنیا هەڵێنا، بێگومان لە ڕابووردوودا تاریکتریش بووە کە لزوم ناهێڵێ قسە بکەین لە شیفتەیی باپیرە کۆنەکانمان بۆ ئازادی بەو مانایەی ئیمڕۆ تێی دەگەین. ئەوپەڕی ئومێدیان ئەوەبوو حاکمێکی

دادپەروەریان هەبێ لە خۆوە بڕیاری عادلانە بدات بەو پێیە مەسەلەی ئازادی پاش بەربڵاو بوونی قسە لێوە کردنی، نەک پێشتر، بوو بە مەینەتی جیهانی سێیەم، کە بووش بە مەینەت ڕۆژگارەها تێپەڕی هەر مایەوە بە خەفەتی ئەو بژاردانەی لە قووڵایی و لە ئامانجەکانی دەگەییشتن.

لە زۆر سووچیشەوە بوو بە مەینەت نەک یەک سووچ: جارێ بە شێوەیەکی ڕووکەشە لێی حاڵی بوون وەک لە شەترەنج حاڵی دەبین بێ ئەوەی پێوەندایەتیی بە واقیعی ژیانەوە هەڵقوڵیبێت چ فەرقێکیش نییە لە نێوان مەیلت وەلای سیمفۆنی لە نێوان خەڵکێک کە تێی ناگەن، بگرە دەیکەرهێنن و لە بەینی باوەڕت بە هەڵبژاردن لە نێوان گەلێکدا تێی ناگات و پێوەندایەتیی بە بەرژەوەندییەوە نابینێ و قورسایی و ئەرکیشی هەڵدەگرێ وەک زێدە زەریبەیەک بێ بخرێتە سەر تەکلیف و شەکەتیەکی پێیان دەگات لە حکومەتێکەوە کە گوێ ناداتە کاروباری ڕەعیەت. ئنجا کە پێوەندی بڕا لە نێوان لیبەڕالیزم و بەرژەوەندی خەڵک، بە تایبەتی لە پلەکانی سەرەتایدا، ئەوسا دەبێتە گەپێکی نەزۆک و بێسوود.

لێرەدا کە لەبەر ماوە تەسکی، بەشێوەیەکی قەناعەتبەخش دەرفەتی شەرحدان نابینم هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو مەفهووم و شێوازانەی لە جیهانی ئێمەدا پەیڕەوی لێ کرا لە دوو وڵات، بە دەم فراژی بوونەوە بەردار بوو، یەکیان میسر ئەوی دیکەیان هیند، ئەویش بەهۆی پەیدا بوونی پێوەندایەتیی لە نێوان واقیعی ئابووری و ڕۆشنبیرییان (کە ڕەنگێکی بەرەوپێش چوونی بە خۆوە گرت، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا) و لە نێوان ڕێژیمی لیبەڕاڵدا بوو کە لە بنەڕەتدا تەعبیردەرەوەی ڕۆشنبیری و ئابووری و چالاکیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆوەیە بە دوا زمانێکدا دەگەڕێ پێی بئاخێوێ چونکە ئازادیی سیاسی و ئازادیی ئابووری لە پلەی پێش کۆمیونیزمدا<٥٥> دوو شتی تێک بەستراون، یەکیان بێ ئەوی تر بەسەر پێیانەوە ناوەستێ<٥٦> ئیتر لزوم نییە بۆ کەسێک (و لایەنێک) ی ئابووریی ئازاد و گەشەداری نەبێ خۆ ماندوو بکا بە ڕەفزی لیبەڕالیزم چونکە لیبەڕالیزم بە پێی سروشتی خۆی و بێ بەهانەکاری ئەولایەنە ڕەفز دەکا وەک نەخوێندەوار و کتێب، کەڕ و گۆرانیبێژ [یەکتر ڕەفز دەکەن].

ئازادی لە گۆشەیەکی دیکەشەوە مایەوە بە مەینەت: کە [لەو وڵاتانەدا] بە شێوەیەکی ڕووکەشە تێگەیشتنی ئازادی کەوتە پەرەسەندن و ژمارەی زیاتر لە ڕۆشنبیران بەرەو دروشم و ئامانج و ئاکامەکانی کشان، خەیاڵشکستەیی و هێوا پووچانەوەیەکی زۆر سەری هەڵدا لە ئومێدی کەسانێک باوەڕیان بە ئازادییەوە بوو، شکستەکەش لە بێهێزیی بنەمای جەماوەری و تەسکەبەرایەتیی ئەو جەماوەرەی بەشداریی لە گەپی «ئازادی» دەکرد، سەبەبی ئەو بێهێزی تەسکەبەرایەتییەش، وەک باسمان کرد نەبوونی پێوەندایەتی بوو لە نێوان گوزەران و ئەو دروشمانەی بە تازەیی لە جیهانی سێیەمدا هەڵکرابوون. خەیاڵشکستەیی بەبەریەوە هەیە کە هیمەت بشکێنێ و بێئومێدی ببەخشێ و دنەی لێ پاڵکەوتن بدات.

سەرەڕای ئەمەش شتێکی مەلعوونتر لە خەیاڵشکستەیی ڕووی دا بەوەدا کە هەلپەرست ڕژانە ئەو تازە مەیدانەی سوود و زیانەوە و ڕێی هەرە کورتیان تێدا گرتە بەر کە بوونە لایەنگیری حاکمە کەمتەرخەمەکانی ئاست «حق و واجب» و کۆڵەکە مەعنەوییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، ئیتر لەوانە بوو چەندین حیزبی ساختە لە وڵاتێکدا پەیدا بن بە یارمەتی دانی حکومەت لە پووچەڵییان و تاکە حیزبێکی

تێدا شکست بهێنێ که هەر نەبێ باوەڕێک و بینینێکی سەر بە پرسیارەکانی ئازادییەوەی هەبوو. گۆشەیەکی زێدە بەرین بۆ مەینەتی جیهانی سێیەم کرایەوە لە تەجرەبەی ئازادیدا کە بە خەیاڵی پێشەنگەکانی ئازادیدا نەدەهات، ئەویش بەهۆی شکستی لیبەڕالیزم کە واقیعێک نەبوو شێوازێکی پێشکەوتووی حکومەتی تێدا سەرکەوێ ئیتر قوماندانی لەشکر لە زۆر وڵاتدا کەوتنە سەر ڕێبازی کۆدێتای عەسکەری بۆ هێنانەوەی گۆڕانێک کە بە لایانەوە هەوڵی مەدەنیەکان تێدا نەزۆک بوو. ئاشکرایە، کۆدێتای عەسکەری لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵ بە تەواوی پەککەوتەیە چونکە کۆمەڵگەیەک لە کەرستەی شارستانەتیدا هێند بێهێز بێ نەتوانێ خۆی بباتە پێش بە ڕێنموونی ڕۆڵە مەدەنییەکانیەوە کە ئامادەترن بۆ گرتنە ئەستۆی بەرپرسایەتیی چاودێری، یەکجاری پەککەوتە دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی پیاوی عەسکەری کە پەروەردە بووە بۆ غەیری بنیاتنانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بۆ غەیری بازرگانی و کشتوکێڵ و جۆماڵ و بۆ کارگەی شیرەمەنی... لە جیهانی سێیەمدا ئەو مەدەنیانەی بینینێکی مەیلەو ڕوونیان هەبێ لە گیروگرفتی سەردەم بە تێکڕایی و هی وڵاتانی خۆیان بە ئاشکرایی تا بڵێی کەم ئەژمارن ئیتر حاڵی وڵات چۆن دەبێ دوای بەلاوەنانی ئەو کەمتاکورتە لە پایەی چاودێری و هێنانی کەسانێک (لە عەسکەرییان) کە هیچ سەرەدەرییان لە لێخوڕینی کەشتی نییە.

برەوستاندنی کودێتا، باشترین ئاکامی ئەوەبوو کە وڵاتی ئینقلاب دیدە لە ڕووی شارستانییەوە داوەستێت و نەکشێتەوە پاش، بەڵام دەرکەوت ئەمە لە ئیمکاندا نییە چونکە داوەستان لە مەرکەزی سەرپەرشتی کردندا بێ پێشکەوتن و تەسەڵی و ئەمان کارێکی وەها ئاسان نییە بە سەلامەتی پێک بێت وەک کە بە نووسین لە ڕووی کاغەز چەسپ دەکرێت بەڵکوو پێویستی بە چپاندن و تۆقاندن هەیە لە بری حوکمی مەدەنی، واتە دەبێ مێژوو شەختە بکات هەتا عیدی ئەمین یاخود شێتێکی دیکەی ئینقیلاب لە خوایەتی بەردەوام دەبێت چونکە ئەو خوایەتییە شێتێکی تەماعکارتر لە ناوی دەبات یان خەڵک هەڵدەشاخێن یان شتێک لە ئەسبابی نەمان دەقەومێ کە بە بیرمدا نایەت.

بە هەمە حاڵ مەینەتەکە زۆر زلترە لەوەی بە نووسینی بە پەلە و هەناسە کورت شەرح بدرێ: وێنەی دزێوی و تاریکی و پەژارە و خەسارەتمەندی و کاولی ڕەجاڵتره لە هەر ڕەجاڵێکی بە بیردا بێت و ئەو هێندە نزم بوونەوەی ڕووی داوە و ئەو چوونە پێشی لە کیس چووە لەو ڕۆژگارە تاریکانەدا بێڕەزاترە لەوەی ویژدان هەڵیبگرێ ئەگەر ویژدان لە هەڵگرتنی ڕانەهاتبێت.

ڕەنگە ڕاست بێ بڵێم گەورەترین خەسارەت لە بەردەوام بوونی ئەو تەرزە حاڵەتە ئەنجامێکی بەد ئەسەرە لە ئەنجامەکانی بریتییە لەوەی کە گەنجێکی لە سێبەری ئینقیلاب دەبێت و پەروەردە دەکرێت و هەڵدەکشێت بە بیردا نایەت شتێک هەیە پێی دەڵێن ژیانی ئاسوودەی شەرافەتمەندی کەرامەتدار لە دەرەوەی ئەو قەفەسەی تێیدا کەوی دەکرێت و نازانێ مومکینە کەرامەت و نان و دڵخوازیشی هەبێت لە جۆرە ژیانێکدا غەیری ئەو جۆرەی نان و کەرامەت و دڵخوازی لە بیر بردۆتەوە. ئەم پەژارەیەی وەها بەدیووم و کوشندە لە تەجرەبەی جیهانی سێیەم لەگەڵ ئازادیدا مەتەڵێکە «لست ادري ولا المنجم يدري – من نازانم و ئەستێرەناسیش نازانێ» کلیلی هەڵهێنانی لە کوێیە چونکە بە قووڵایی و بە مەودا گەلێک نامومکینی تێکهەڵکێش و لێک ترازاوی لێ نیشتووە: ئاپۆرەی پان و پۆڕی ئەو خەڵکەی خاوەن

بەرژەوەندە لە ئازادی و داد و ئەماندا تا ئیمڕۆکەش تێنەگەیشتووە چۆناوچۆنی بەرژەوەندەکەی بە دەمارێکی زیندەڵ (عضوی) دەگاتەوە ئەو هەڵبژاردن و ڕۆژنامە و حیزبەی کەسانێک لێی خاوەنن و هەڵیدەسوڕێنن چ پێوەندییان بە بازاڕ و کێڵگە و کارگەوە نییە و بە زمانێکی نائاشنا لەبەر گوێی جەماوەر خۆیان و ئامانجەکانیان ڕوون دەکەنەوە و شێوازی ئەوتۆ [لە کردەوەدا] بەکاردەهێنن خزمایەتیی نییە لەگەڵ پارووی بژێودا چونکە سیاسەت تا ئێستاش تەڕدەماغییەکە کەمینەی ڕۆشنبیران خەریکی دەبن و نەچۆتە تیریژ و ڕشتەی هەناوی کۆمەڵ سەبەب بەو شتانەی باسی هێندێکیان کرا.

ئنجا هەر چونکە سیاسەت تەڕدەماغییە بۆیە لە جغزی مەسڵەحەتی ڕاستیینەی گەل دەردەچێت و دەکەوێتە بەر حوکمی میزاج و لێکدانەوە و پێوەرەوە تا ئەوەی دەشێ بە دەوری تاکە فکرێک و تاکە بەرژەوەندێکەوە چەندین حیزب و ڕێکخراو پەیدا بن و بەردەوام بن لەسەر شەڕە چەپۆڵک و لێکخشان و شتی توند و تیژتریش، ئیتر دەشێ بەرەیەکی دینی لە دەزنوێژدا دوو گۆزینگ بە بەشێکی پێ حیساب بکات و بەردەوام بێ لەسەر دوژمنایەتیی جەماتێکی دیکە لەو باوەڕەدا نەبێت یاخود کۆمەڵێکی سیاسی بۆرژوازی بچووک هەرچی تۆمەت هەیە بگرێتە کۆمەڵێکی سەر بە بورژوازی مامناوەنجی کە لە ئامانج و دروشمدا دەگەنەوە یەکتر بەڵام «گۆیا» چینیان جودایە... ڕەنگە هەندێک باوەڕ بە ڕۆژهەڵات و هەندێک بە ناوەڕاست و هەندێک بە ڕۆژاوا و هەندێک بە هیچ، بە بۆشایی بهێنێت ئیتر چەک تیژ بکەنەوە و ڕیز ڕێک بیەخەن بۆ هەرا و پەت و تیغ لە بەرچاوی جەماوەری پان و بەرین کە حاڵی نییە لەو کارنەڤالە خوێناوییەی وا لە حەوشەیدا دەسازێت.

بڵێم چی خۆ لەوانەیە کەسانێک لێکتر جودا ببنەوە و یەخەی یەکتر بگرن هەر هەتا نەگوترێ تەبا و ڕەبان. ئەو واقیعە ئیفلیجەی تێشیدا دەژین دەتوانێ بە جۆرەها جوداوازی ئاووس بێ کە بە بیری هیچ بلیمەتێکدا نایەت، مەینەتیش هەموو قەڵغەنی جیهانی سێیەمی گرتۆتەوە بە دەر و ناویەوە بۆ خۆشت تێفکرە لە ئاکامی بەیەکتر گەیشتنەوەی ژیاری کۆتایی سەدەی بیستەم لەگەڵ وڕێنەکانی چەسپاو و کەڵەکە کردووی ڕۆژگارانی جیهانی سێیەمدا بە دەم زیادیی نفووس وپەرەسەندنی فەقیری و تێک هەڵاتنی فەلسەفان و ملانێی سیاسەت و ڕکەباری بەرژەوەندە زلەکان و ناوەنجییەکانەوە وێڕای نەبوونی شتێک پێی دەگوترێ «گەل» بە مانای کۆمەڵە بنیادەمی نیشتمانێک ڕێز لە واجیب دەنێت و پارێزگاری لە ماف دەکات، خۆ گەل بریتی نییە لە ئاپۆرەی بیست نەفەری یان ملیۆن و ملیاریی بێپێناسە دەنا مەڕگەل و گاگەلیش ژمارەی هەیە و مەیلی برسییەتی و زایەند و ترسی مەرگ و ئارەزۆی ژیانی هەیە و پێشی ناگوترێ «گەل» و هەر مێگەل و گاگەلە، ژیرانە چارەی هیچ دەردێکی خۆی پێ ناکرێت و لە خۆی و کەودەنیەکەی دەوەشێتەوە شتێک بە خۆی بکات کە لبنان بە تەنها وەیا لیبیا و چاد بە جووتە دەیکەن و چی هاوڕێیانی عەدەن کردیان... خوا لە کفندزی کۆن خۆش بێت وانا للە ولا حول ولا...

مەینەت دەکوتێت و هەر دەکوتێت بە تەوژمێک کە بەدەم زەمانەوە زیاد دەکات و چ ترووسکەیەکی ئومێد، چەندێکی کزیش بێت، موژدەی سەرەتای ڕزگارییەکی نزیکی پێوە نییە کە لەوانەیە سەرەتا هێند لە کۆتایی دوور بێت دڵخۆشی بەو موژدەیەوە بکوژێت.

بەر لە نۆ ساڵ بە دەم وتووێژێکی دۆستانە لەگەڵ بەرپرسێکی گەورەی دەوڵەتدا گوتم: دەمێکە

ئامۆژگاریم بۆ کچان و کوڕان، لەوانەی دەنگم دەیانگاتێ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەوە بووە: نەکەن لێکتر مارەبڕبن لە ولاتی خۆیاندا، دەنا وەچەیان دەبێتە چیلکەی ئاگری دیار و بزری جیهانەکەمان، با وەکوو چوێلەکە و لەکلەک مشەختانە (مهاجر) بۆ ئەو شوێنانە بڕۆن بژێو و ئاویان هەیە و ڕاوە مەلیش وەنەبێ لە هەموو دوازدە مانگی ساڵدا جایەز بێ، بەسەر هێلکەوە کورک بن و بە زەڕنەقووتەکانیانەوە بگەشێنەوە، بە لەشی ساغیانەوە نەک بە ئەندامی هەلاهەلایانەوە.

بە هەمەحاڵ دوور لە تاوگیری و ڕەشبینی و دوور لە گەشبینی گێلانە دەڵێم... زۆر لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم خۆیان لە خۆیاندا هێوێنی ڕسکانی دەوڵەتیان تێدا نییە بەلام تانوپۆی ئەو دەوڵەتانەی بە دەوریانەوەن ناچاریان دەکا بەردەوام بن چونکە ئەم ڕۆژگارە بەتالایی سیاسی پان و بەرین ناسەلمێنێ سەبەب بە پێوەندایەتیی بەرژەوەندی زۆر و زەبەند پێیانەوە.

ئیتر دەوڵەتەکان وەک دارێکن لە دارستاندا بە مشاریش ببڕێتەوە بە لادا نایەت چونکە دەور دراوە بە درەختی قیت ناچاری دەکەن بەسەر پێیانەوە ڕاوەستێ. ئنجا چ خوێرییەکە ئەو حاکمەی هەڵسووڕ و داسووڕی عیفریتانە بەسەر میللەتیدا دەکات و وەک تاووس خۆ فش هەڵدەهێنێت هەموو شان و شەوکەتیشی وەک بابایەکی لاخۆرە<٥٧> بە سەر سفرە و خوانی خەڵکەوە، لەو ڕووە کە بوونی بەندە بە بوونی غەیرەوە.

تۆ ئەگەر بتوانی یەکێک لەو دەوڵەتانە بە خاک و ئاو و ئینسان و حەیوان و ڕووەک و بە خەزنەی ژێرخاکیشەوە ڕاگوێزیت بۆ مەریخ و خودبەسەری بکەیت، ناتوانێ یەک مانگ وەکوو دەوڵەت دەوام بکات چونکە حاکمەکەی دەبێتە جەللاد و سەربازەکانی دەبنە ڕێگر ڕەعیەتیشی «حمر مستنفرة فرت من قسورة»<٥٨> تا ئەگەر چەند مانگێک مایەوە شەوگاری بە تاریکی دەباتە سەر چونکە ناتوانێ چرا قودیلەیەکیش هەڵبکات با دەوڵەتێکی نەوتاویش بێت سەبەب بە نەزانینی دەرهێنانی نەوت و ساف کردنی.

کلیلی چارەی پەژارەیی جیهانی سێیەم گوم بووە مەگەر دەوامەی لەسەر خۆڕماندن چۆڕ لە توانای کوشتن و خۆکوژی ببڕێت، ئەویش چارەیەکە نموونەیەکم لێی دیتووە لە فیلمێکی سینەما بەر لە ٢٥ ساڵێک کە شەعبەدەبازێک دێت بۆ وەستاندنی خوێنی برینی سەری برینداریک، بە شیشە ئاسنێکی سووربوویەوە برینەکەی داغ کرد و برینداڕەکە هاوارێکی زراوڕژێنی لێ هەڵستا و جووڵەی بڕا و بە مردوو داندرا.

بابای فێڵباز دڵی خۆی و خەڵکەکەی بەوە دایەوە گوتی: هەرچەند مرد ئەمما خوێنەکەم وەستاند. چی لە جیهانی سێیەمدا ڕوودەدات تکانەوەی دووایین دڵۆپی خوێنە. سێ پات بوونەوەی وشەی خوێن لەم دێڕانەدا ناشێ حەقیقەتی مەینەتەکەمان لە بیر بباتەوە کە مەینەتی ژیار و ڕۆشنبیری و ئابووری و ئەمان و فراژووتن و شتی ئەوتۆییە، خۆیشت دەبینی «ئازادی» و مافی دیکەی کۆمەلایەتی ئەوتۆیی بوونەتە خولگەی سەربڕکێ و ئابڕوو بردن و نرخ دالەنگاندن لە جیهانماندا، قەتیش بەر لەوەی پێوەندی بە سەرچاوەی ئەو مەفهومانەوە بکەین کێشە و نیزاع و دەمەتەقەیان لەسەر هەڵنەوەستاوە چونکە ئازادی ببڕای ببڕای بابەتێک نەبووە لە جیهانماندا فەلسەفەی سیاسەت و حوکمی لەسەر بنیات نرابێ. ئەگەر

پێویست بێ نموونەیەک بهێنینەوە بۆ نزیک خستنەوەی وێنەکە لە زەینی خوێنەر، لە ئیسلامدا «اخوان الصفا» و «معتزلة» هەبوون بە لای فکردا دەشکانەوە تا یاغی بوون لە دەسەڵاتی شەرعی، کە لێیان ورد ببینەوە دەبینین مەیلیان دەچێتەوە بۆ بەکارهێنانی هۆش و مەنتیق و ڕوونبینی لە سەقافەت و عەقیدەی ئەو سەردەمەدا ئەمما بگوترێ بانگەوازێکیان تێدا بوو بۆ خەڵک بەرەو بنەمای گشتی فەلسەفی کە ئازادیی دڵخوازیی تێدا بێ لە پێکهێنانی حکومەتێک سەقامگیری دادێک بێت، دادی ڕووت، سەرچاوەی لە عەقیدەوە نەهاتبێ و ڕێ بە خەڵک بدات بناخەی یاسا و باوەڕی پیرۆزی دین بگۆڕێت، ئا ئەم گوتەیە بریتییە لە وەهم و وڕێنە.

بێنە «قرمطي» بە نموونە بگرە: بەڵێ ڕەفزی دەسەڵاتی عەبباسییانی دەکرد بەڵام پتر ڕەفزی هەموو ڕاڕەو و باوەڕێکیان دەکرد لە باوەڕی ئەوان نەبوایە. «خوارج و شراة» یش بە تێکڕایی وەک قەرمەتییان لە جغزی ڕەفزی‹٥٩› هەموو مەزهەبێکدا بوون کە لە ڕاڕەویان دوور بێ. هەڵکشێیت بۆ مەزدەکی دەیبینی چ دوژمنێکە لەگەڵ غەیری خۆیدا و چەند دوورە لە ڕێ دان بە هۆش و فکر دەنگ هەڵبڕێت بۆ ئازادیی خواییشت و نەویستنی شتی نابەدڵ، چاویش دەپۆشێن لە بانگەوازە کاڵوکرچەکەی بۆ شیوعی ملّکایەتی، ئەوەندەی بەسە بۆ عەیبداری و زیانبەخشی کە ئافرەتی بە ملّکی بەرەڵڵا دانا بۆ پیاوان‹٦٠›.

لە نەزەر دینیشەوە ئازادی هەر ئەو دەرفەتە بوو، و دەبێ کە لە بڕیارەکانی سەر بە لەزەت بردن و ماف بەکارهێنانەوە بە ڕەوای زانیوە ئەویش لە چارچێوەی دەقی ئەتۆیی کە جایەز نییە لە ڕێی شلبەستنەوە (ترخص، خۆڕوخسەتدان) وتەئویلی بەرینەوە کەس بۆ غەیری ئەو دەقانە بڕوات... چ سەیر نییە لەوەدا کە دڕدۆنگی لە نێوان پێشینەپەسەند (سلفي) ان و نێوان هەر کۆمەڵێکی دینی یان دنیای پەیدا بێ کە ڕێگەیەکی تازە بگرنە بەر شەریعەت سەرچاوەکانی نەسەلمێند بێ چونکە ئازادی هەر ئەوەیە کە خالق سەپاندوویەتی یان حەڵاڵی کردووە و ناشێ چ مەعنای دیکەشی هەبێ.

بە هەمە حاڵ زۆر کاروبار و سەبەب تێکەڵ دەبن و بە دەوری ئازادیی جیهانی سێیەمدا حاڵەتێکی دەگمەن دەچن لە فاکتەری مێژوویی و سەردەمی و ناوەکی و دەرەکی دەشێ دڵۆپڕێژ بکرێنەوە ناو ڕێژەیەکی دوو پۆرگییەوە: یەکەمیان ئەوەیە، ئازادی بە واتای تازەیەوە، ڕەگی نەبووە لە ڕابردووی جیهانی سێیەمدا، ئەویش وەکوو فڕۆک و کۆمپیووتەر لە نوێوە ڕسکاوە.

دووەمیان، ئازادی هەتا ئەم ڕۆژەش لەو وڵاتانەدا هۆکاری ئەوتۆی نییە پێی ببێتە پێکهێنەرێکی سەقافەتیان چونکە لە سەرەتادا وەک فکرێکی نامۆی بێڕەگ لە واقیع، خزایە مێشکی کەسانی بژاردەوە، ئنجا کە جوزئێکی لە ویژدانی چینی ڕۆشنبیر داگیر کرد تووشی پەژمووردەیی هات سەبەب بە فشەڵۆکیی ئەو بناخەیەی کە بیری ئازاد خۆی لێ سەراو کردبوو. دوواتر کە زەنەی ژیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری لە ڕۆژاوای پاش دوو شەڕی جیهانیەوە بەسەریدا هەڵڕژا، بە خۆی و کادرە هەژارەکەیەوە لە ژێریدا داهێزا و مەیدانی بۆ ئینقیلاب چۆڵ کرد بەو شێوەیەی پێشتر تێیدا تێپەڕین، چی گوتیشم کورتەیەکی تەواو پەککەوتەی سەرگوزشتەکەمانە کە بایی قەناعەتی هیچ هەوەسبازێکی ڕۆژهەڵاتی ناکات قۆڵ و باسکی بە خوێنی خزمان سوور بووە: ئەوەی کردوویەتی و دەیکات ڕەجاڵترە لە هەر وەسفێکی ڕەجاڵی بن ڕەجاڵانی وەپاڵ بدرێ. کلاشی دز بەشەرەفترە لە کەللەی باوکی.

بیر و خەیاڵی خۆم دەدرکێنم و نەختێکی گەشبینی تێکەڵ دەکەم بە ئومێدی دۆزینەوەی وەسیلەیەکی زەمینی لە وزەیدا بێت جیهانی سێیەممان بگۆڕێت لە دارستاننشینیەوە بۆ هاونیشتمانی سەر ڕووی خەریتەی ئەم ڕۆژگارە، لە ئاکامدا دەگەم بەم دوو وەهمە: یەکەمیان خۆی لە خۆیدا نامومکین نییە بەڵام دەبێتە گومانبەدەر چونکە بە شتی وەهاوە بەستراوەتەوە گومان بۆی ناچێت... دەڵێم بەڵکوو شارستانەتیمان وەها سەقامگیر بێ و ئەوەندە تەوژمەی هەبێ پیاوکوژ و دز و دوژمنانی ئازادی لەوانەی هەڵگری چەکی توندوتیژی و دروشمی هەلاهەلا کردنن زات نەکەن خۆ وەدەرەخەن، ئەگەر سەبەب بە ڕێ بەدیی کردن بەرەو جوانیی بنیات نان و ئەمانیشەوە نەبێ.

با بڵێین لە ترسی حەیا چوون و ڕیسوایی و پووچەڵی بێت کە لە کاری دژ بە مرۆوە، بە مرۆوە دەنووسێت و لێی دەبێتە نیشانەی بێ تەربییەیی و درندەیی دەروون. وەهمی دووەم ئەوەیە، بە جۆرێک لەو جۆرانەی شتی پێ دەڕوات، ئەو پێشەنگانەی خەبات، چی حاکمە و چی بە دیار نۆرە حاکمایەتییەوە دەستی لەسەر پەلاپیتکەیە، باوەڕ بهێنن بەوە کە بەلاوە نانی زەبر و زەنگ و خۆ دانە دەست هەوڵی هێمنانە و ژیارییانە بۆ چارەسەرکردنی چەڵەمە و گرفت تاکە ڕێگەیەکە کە سوودبەخش و ڕزگارکەر و بنیاتنەر بێت: تا ئەوەی منداڵێک دەبێت پێویستە مارەبڕینێک بووبێت و نۆ مانگی بەسەردا تێپەڕیبێت ئنجا بیست سی ساڵێکیش گوزەری کردبێت تا منداڵ دەگاتە تەمەنی بەرهەم هێنان و بەشداری کردن لە فراژوتن (تنمیە)، ئەویش بە خوێندن و ڕاهێنان و تەجرەبەوە خۆ ئەگەر لە هەر قۆناغێکی تەمەنی منداڵەکەدا پەلەت لێی کرد یا دەیکوژێت یان ڕەسین و هەڵچوونی دەکوژێت.

پەقلاوە لەگەڵ مارشی عەسکەری و سترانی ئاگرین دەبێتە ژەقن. دڵ لە ڕووی گوشادیی دنیا دادەخرێت کە دروشم و نووسین و نمایشتی وروژێن تەنگی پێ هەڵچنی، ژیان خۆیشی دەبێتە مەینەت لە سێبەری عورفی و توندگیریی عەسکەریدا. هەرگیز خەرمانت پۆزی نابێ ئەگەر جووت و دروێنە و گێرەت بەجێ هێشت چەندێکی هەناوت گەرم ڕاهات و ویستت بە نرکە و چریکە و بوومەلەرزەی هوتاف ساردی کەیتەوە.

ژیانی کۆمەڵایەتی بە پێچەوانەی زۆر لە دیاردەکانی سروشت داوای ئارامی و خۆگیری و هەنگاو بە هەنگاوی و کۆکردنەوە و سازاندن دەکات کەچی لەگەڵ سروشتدا جووت دەڕوات و ڕێک دێن لە هەر کارێکی بنەماکەی فراژووتن‹٦١› و ئیروویی بێت کە دەبینین هەردوویان دەوری ساڵێک خۆ دەگرن هەتا دەغڵ دەدوورێتەوە و مێوە دەچنرێت، جا کە هات و دیاردەکان بە زەبر و وێرانکەر بوون لایەنی کۆمەڵایەتی بە هەموو زانست و تەکنیک و ئامرازەکانییەوە خەریک دەبێ لغاوی بکات یان لە توندوتیژیەکەی دابشکێنێت یان خۆ لەبەر پەژارەکانی لادات.

ئەمە ڕاستییەکە ئاو لێڵ ناکات، ڕەنگە کەس نەبێ لەوانی زێدەڕۆیی توندوتیژین ئەوەندە گێل بێ نەیسەلمێنێ بەڵام دەشێ بە فێڵ و پێچە بەدەور و تەئویلان، ئەگەر بۆی بلوێ، خۆی بکاتە پارێزەری ئازادی و دیمۆکراسی و هەناردەی ئاشتی و دۆستایەتی نێوان گەلان، وەک ئاشکرایشە لە حاڵ و باری کەسانێکی خەریکی دیمۆکراسی و ئاشتین، مرۆی ئاشتیخوازی دیمۆکراتی حەقیقی ڕەنگە یەک وشەی ڕەوانبێژانەی سەر بەو مانایانەی لە زارەوە دەرنەیەت کەچی دوژمنی مرۆڤایەتی لە بەرگی ئاشتیخوازیدا

وڵاتەکەی و ئیعلامەکەی و دروشمەکانی دەمی مەسیرەی جەماوەرانە پڕ دەکاتەوە بە وشەی ئاشتی و برایەتی و وێنەی کۆترە و ساوای ژیکەڵ و وەسفی شۆڕشگێڕایەتی درۆزنیش بە دەوریەوە دەبێتە پەرژینێکی موقەددەس بە بارمتە دژی ڕەخنە و گومان، قسەش لەو بوارەوە بە ئێش و پەژارەیە و لەو خەفەتە زلانەیشە کە پەرۆشدار بۆ ڕاستی شتان و چارەنووسی گەل و وڵات پێی دەتلێتەوە: ڕووپەڕەیەک نییە تۆزەر هەڵیداتەوە لە حاڵوباری خەباتگێڕی شۆڕشگێڕی توندوتیژی دڵبەجۆش بەڵگەی برندەی تێدا نەبێ لەسەر بێئومێدیی لەو ڕۆژەی هۆش بێتەوە بەر تیژرۆی بنەڕەتی و چەکەکەی دابنێت و نینۆکەکانی ببڕێت، سەڵەوات بۆ بەرەکەتی هێمنی لێ بدات و دابنیشێت بە دەوری مێزی وتوویژ و تێکگەیشتن و لێکتر ئەمین بوونەوە تا خۆی بحەسێنێتەوە و خەڵکیش لێی بحەسێتەوە. بەر لەوەش ئومێد نەمابوو، حاکمی خودبەسەری دنیای مسکێنان دەست هەڵبگرێ لە زەبر و زەنگ و چپاندن... بەر لە هەردووانیش کیسەی ئومێدان بە تاڵ بووبوو لەوەی گەلانی دنیاکەمان بتوانن، بە دڵ، تێفکرن لە ڕزگار بوون. ئنجا چۆناوچۆنی ئەوانە لە زاڵمی گەورە ڕزگار دەبن کە هەر یەکە لەوان بایی توانا زوڵم لە غەیر دەکەن بگرە بە نەختێک ترساندن و دڵدانەوە دەشبنە یاریدەدەری زوڵم! ئیتر چیت گەرەکە؟ چیتر ماوەتەوە؟

کەشکۆڵی جادووگەر لە کاروباری جیهانی سێیەم جۆرە چاپوکدەستی و چاوفریویی تێدایە تا بڵێی زیبا و مەعلانانە، کە دەبینین گەپی کودێتای عەسکەری لە وێرانکاریدا کورتی هێناوە لە چاو گەپی کودێتای ئەهلی چەندین وڵات، قوربانیشی لە بێگوناح و گوناحباران چەندین جار پتر بووە لە هی عەسکەری، بازنەی مەینەتیش لە تێکهەڵقژانی مەدەنییە نیوە شارستانییەکان گەلێک فرەوانتر بووە چونکە لە لایەکەوە ژمارەیان لە عەسکەرییان پترە و لەلای دووەمەوە لەوان ناڕێکترن و لەلای سێیەمەوە چەندین فێرگەی فکری (جودا) یان هەیە... بیست هەزار کوژراو و چەند هێندە بریندار و هەڵاتووی بێئەژمار، تەنها، لە گۆشەیەکی هەژاری دوورە دەستی (جزيرة العرب).

تەختە سویچی ڕووداوانیش کەوا بە دەگمەن هەڵە دەکات لە پێشبینی کردنی کارەساتان، پەنجە ڕادەکێشێ بۆ غەلەبە ستاندنی حاڵوباری ئەوتۆ لە جیهانی سێیەمماندا هۆش تێیدا گێژ دەبێ: ئایا زادەی سیاسەتە یان کیژی نوکتەیە یان هی مەزاق یان هی هیچ شتێک حیسابی بۆ بکرێت.

ڕەنگە خەباتگێڕێکی لەوانەی تیغیان سوواوە بۆ گۆڕانی بەرەوپێش گاڵتەی بە قسەم بێت و بیداتەوە بە ڕەشبینیەکی زێدەڕۆ و خۆدانە دەست بێئومێدییەکی پێی دەڵێن «اليأس احدى الراحتين – بێئومێدی یەکێکە لە دوو حەسانەوە» و بە نانکوێریشم بزانێت لە ئاست هەوڵی دڵسۆزانەی بۆ ڕاست کردنەوە و گونجاندن، جا منیش بە ئەو و هەرچی وەک ئەو هەیە لە جیهانی سێیەمماندا دەڵێم: من چەندی ترسم هەبوو لەوەی کەسانی وەک عیدی ئەمین و بۆکاسا و ستالین و هیتلەر و هەموو غەرڕا و زاڵم و دڵڕەقی وەک ئەوان بگەن بە حوکم هێندەش دەترسێم لە گەیشتنی ئەو خەباتگێڕانە بە دەسەڵات، ترسەکەشم لەسەر ئەو یەقینە هەڵناوە کە ترسی بۆکاسا و گرووپەکەیم لێ هەڵێنجا بوو چونکە تفەنگ و چەقۆ هەڵگران لە خەباتگێڕانی جیهانی سێیەم کە جارێ لە سوپێردان بەچکە عیفریتن بە نۆرەی خۆیان دەست دەکەن بە سوار بوونی خەڵق و مل شکاندن و دەمار هەڵبرینەوە و گوڵ و پەلک سووتاندن: ڕەنگە پارێزگاری بە شەرەفترین کێشەیەک بن بەڵام وەک گورگ تەما لە مێگەل بنێ... ئازاترین کەسانێک بن لە

جانفیدایی بەڵام وەک کە ڕێگرێک لە کاروان دادەنووسێ... ئەوانە بە شێوەیەکی مەیلەو گشتی وێنەی نێگێتیڤی حاکمە خەفەکەرەکانن، هەر کە وەک ئەوان گەیشتنە دەسەڵات دەبنەوە بە وێنەی پۆزەتیڤی زێدە گرژ و تاریک بەسەر کورسی حوکمەوە چونکە کامیان هەرە ئاکار چاک و زێدە نەرم و نیان و نزیکترینانن لە سۆز و بەزەیی، لە ڕێی خودپەسەندی و خۆپەرستی بێپایانەوە دەگەن بە تاوانبارکردنی بێ قەید و شەرتی غەیری خۆیان: قامووسی سیاسی ئەوان جێگەی ئازادی و دڵخوازی تێدا نابێتەوە مەگەر ئازادیی بە خوا زانینیان و دڵخوازی تەقدیس کردنیان و سەلماندنی بیر و باوەڕیان.

دیمۆکراسی ڕووەکێکە نائاشنای خاکی جیهانی سێیەمە، ڕەگی دانەکوتاوە مەگەر وەک قەوزەی لێرە و لەوێ بێڕەگ نە دەپشکوێت و نە بەریش دەگرێت چونکە ئەو خاکەی دیمۆکراسی تێدا شین دەبێ بریتییە لە پۆرگی نەفس و بینینی هۆش و لەباریی تەبیات و ڕشتەی کۆمەڵایەتی و پاشخانی شارستانەتی، هەر نیشتمانێک ئەم بژێوانەی نەبێ بە مێوانیش، یەک دوو ڕۆژ، دیمۆکراسی داناکات.

تۆ چەندێکی لەپشت چاویلکەی پەلکەزێڕینەوە سەیری جیهان (ی سێیەمان) بکەیت هەر ئەو دیمەنەت دێتە بەرچاو کە هێندێکی بە سووتاو ڕەش داگەڕاوە و هێندێکی بە چکاو‹٦٢› سوور هەڵگەڕاوە، جا ئەگەر بۆ هێزی وەهمت لووا ترووسکەیەکی مۆژدە ببینێت دەسا من شتێکم نەدیتووە لە تەدبیری پەسەند و فەرمانی مەنتیق و داخوازیی بەرژەوەند و سۆزی عەدالەت، بەڵکوو دەبینم چارەنووس لە گلۆربوونەوەی بەرەو دوواڕۆژ تەسلیم بە خۆی کراوە بێ زەپت و بێ بەڵەد: ئێمە ئەو هێندە هێزی جازیبەشمان نییە کە ئەرز بە ڕێکی دەگێڕێ لە دەوری ڕۆژدا، ئیتر لە بۆشایی دەخولێینەوە یان وەک تیر دەردەپەڕین بێ ئامانج.

دنیاکەمان برینێکی شەباقەیە دەدەڵێنێت، نە پزیشک هەیە نە دەرمان، مەگەر توانای لەشی زیندەڵ بە پێی تەکوینی خۆی شیفابەخشی خۆی بێت، بەختی شیفا و فۆتانیش بە نیسبەتی پەنجاو پەنجا دابەش دەبێت.